# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٣٧، سێشەممە، ١ی ڕەزبەری ١٣٩٣، ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنەوە

ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەزبەری ئەم ساڵ وەك ساڵانی ڕابردوو درگای قوتابخانەکان بە ڕووی قوتابیان دەکرێتەوە و ساڵی خوێندنی ٩٤-٩٣ دەست پێ دەکا. بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیان و مامۆستایان لە هەموو ڕەدەکانی خوێندندا دەکەین و هیوادارین سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان و گرینگی نەدانی ڕێژیم بە خوێندن و قوتابیان و قوتابخانەکان، ڕۆڵە خۆشەویستەکانی وڵاتەکەمان و نەتەوەکەمان لەم پرسە گرینگ و مرۆڤ سازەدا سەرکەوتوو بن و ساڵی نوێی خوێندن ساڵێکی پڕ دەسکەوت بێ بۆ قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی

٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ی زایینی



دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی... ٤



بەڵگەیەکی دیکە لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ٥



مستەفا هیجری: ڕێژیمی ئێران هۆکاری هاتنی شەڕی داعش ... ٦




"خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری باشترە" ١٠

# پێویستە هاوپەیمانی لە دژی تیرۆریزم بە گشتی بێت

لە ٢٢هەمینساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری بێرلینی ئاڵمان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە بەڕێوە بردنی چالاکی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات یاد و بیری ئەوانیان بەرز ڕاگرت.

هەر بەم بۆنەیەوە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان، ڕێوڕەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە کۆیە بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە کاتژمێر٤ی پاشنیوەڕۆ بە بەشداریی سکرتێری گشتی و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، میوانان، ئەندامانی حیزب و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان دەستی پێ کرد. ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی میکۆنۆس دەستی پێ کرد.

لە برگەی یەکەمی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێز "حەسەن شەرەفی" پاش ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕۆڵی ئەو لە جووڵانەوەی خەڵکی کوردستاندا وتی: "ئەو هەر جێگرێکی لیوەشاوە و کارزان بۆ دوکتور قاسملوو نەبوو، بەڵکوو یار و یاوری لە سەر پێ و جێگای باوەڕ بۆ دوکتور قاسملوو، لە پەسەند کردنی هێڵی گشتیی دێموکراتیك، هزر و بیری نەتەوایەتی و پەسەند کردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیك وەك دروشمی دوارۆژی حیزب بوو.

بەڕێز شەرەفی لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتنی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی بە دژی تاقمی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چوونە نێو ڕێزەکانی ئەو هاوپەیمانییە و بە لاڕێدا بردنی شەڕی تیرۆریزم وتی: "ئەو هاوپەیمانییە دەبێ دژی تیرۆریزم بە گشتی بێت و ئەگەر وابێ، کۆماری ئیسلامی بە پێی هەموو پرەنسیپێك دەبێ ئامانجی ئەو هاوپەیمانییە بێت. چوونکە داعش تا ئێستا کردەوەیەکی ئەنجام نەداوە کە پێشتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەنجامی نەدابێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەر جۆرێك کە خۆی یا هەر ڕەوتیکی دیکە بە دروست یان نادروست بانگەشەی بۆ دەکەن، وا دەنوێنێ کە دژی داعش شەڕ دەکات، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوەی کە داعش تیرۆریستە لەگەڵ ئەو شەڕ ناکا، بەڵکوو بە هۆی ئەوە شەڕ دەکات کە دەزانێ سەرکەوتنی سوننەکان لە ئێستادا چ بە ناوی داعش، چ بە ناوی سوننەکان بێت، لەمپەرێك لە سەر ڕێگای ئەو نفووزەیە کە کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا هەیەتی".

لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمی ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان،لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ئومید عەبدییەوە پێشکەش کرا. هەروەها هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە لە ساڵۆنی گشتیی کۆبوونەوەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی میکۆنۆس، کێبەرکێی هەڵاتنی"ماراتۆن" بە بەشداریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. دەقی قسەکانی بەڕێز"حەسەن شەرەفی" لە لاپەڕەکانی ٤ و ٥ی ئەم ژمارەیەدا بڵاو بۆتەوە.




## ئێران بۆ یارمەتیدان لە دژی داعش خوازیاری سات و سەودای ناوکییە

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی خولی کۆتایی لە وتووێژە ناوکییەکانی ئێران و هێزە جیهانییەکان لە نیۆیۆرك، هەواڵنێری ڕۆیتێرز لە ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا نووسیویەتی: ئێران بۆ یارمەتیدانی بەرەی پێکهاتوو بە ڕێبەریی ئەمریکا لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، خوازیاری " نەرمی نواندن" لە لایەن دانوستانکارانی بەرانبەرە بوو لە وتووێژە ناوەکییەکاندا.

یەکێك لە" بەرپرسە باڵاکانی بەشدار لە وتووێژەکانی نیویۆرك" لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری ڕۆیتێرز وتوویەتی "یارمەتیدان ڕێگەیەکی دوو لایەنەیە، لە بەرامبەر شتێك کە دەیدەی، دەبێ شتێك وەربگری".

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم ئیدیعای ئەوە دەکات کە" ئێران بەو نفووزە زۆرەی کە لە ناوچەدا هەیەتی، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە بەرامبەر ئەم تیرۆریستانەدا".

جان کێری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆنفرانسی دوو حەوتوو لەمەوبەری پاریس وتبووی، بوونی ئێران لە بەرەی دژ بە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامیدا گونجاو نییە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، دووشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو، ئەو بڕیاری داوە کە ئێران نەچێتە نێو بەرەی ئامریکا لە خەبات دژی داعشدا.

ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز لە هەمبەر ئامادەیی مەرجداری ئێران بۆ خەبات دژی دەوڵەتی ئیسلامی، لە بەرامبەر نەرمی نواندنی ڕۆژئاوا لە مەڕ پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بەرنامەی ناوکیی ئێران لە کاتێکدایە کە ڕۆژی شەممە ٢٩ی خەرمانان، نیۆیۆرك تایمز و هەواڵنێری ئاسۆشێتد پرێس نووسیبوویان، ئەمریکا پێشنیاری نوێی بە ئێران بۆ سات و سەدوای "هەر دوو سەر براوە" پێشکەش کردووە.

بە پێی ڕاپۆرتی نیۆیۆرك تایمز و ئاسۆشێتد پرێس، ئەمریکا پێشنیاری کردووە، پێوەندیی نێوان تاقگەی سانتریفیۆژەکانی ئێران بپچڕێندرێ و ئۆرانیۆمی پیتێندراویان تێ نەکرێت، تاکوو هەم ڕۆژئاوا بتوانێ بڵێت کە مەودای کاتی تا دەستڕاگەیشتنی ئێرانی بە چەکی ناوکی درێژ کردووەتەوە و هەمیش ئێران بتوانێ بڵێت کە ١٩ هەزار سانتریفیۆژەکەی خۆی پاراستووە.

ئێران و هێزە جیهانییەکان تاکوو ٣ی سەرماوەز، ٢٤ی نۆڤامبر، بۆ ڕێککەوتنێکی گشتی مۆڵەتیان هەیە.

## ٧٠ هەزار کەس لە خەڵکی کوبانێ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا پەنایان بۆ تورکیە برد

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی سێپتامبر ڕایگەیاند کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ٧٠ هەزار کەس لە خەڵکی کوبانێ پەنایان بۆ تورکیە بردووە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەیان گوند لە ناوچەی کۆبانێی کوردستانی سووریە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی و هێزەکانی ئەم ڕیکخراوە بەرەو ناوچەکانی دیکە لە پێشڕەویدان. هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەیکە دەیان هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەم گوندانە لە ترسی جینایەتی گرووپی داعش پەنا بۆ وڵاتی تورکیە ببەن.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆژی شەممە هەزاران کەس کە زۆربەیان ژن، منداڵ و کەسانی بە تەمەن بوون بە جانتا و کۆڵە پشتییەکانی خۆیانەوە لە سنووری پینار لە باشووی تورکیەوە چوونە نێو ئەو وڵاتە.

نێعمان قورتولموش، جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیە وتی کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ٦٠ هەزار کورد لە سنووری تورکیە تێپەڕیوون و بە وتەی بەرپرسان، هەر ئێستا هەزاران کەس چاوەڕوانی دەربازبوون لە سنوورن.

دوابەدوای هێرشی ڕۆژی سێ شەممەی داعش بۆ کوردستانی سووریە، هێزەکانی پەیەدە سەدان گوندیان چۆڵ کردووە و دەیان گوند لە دەوروبەری شاری کۆبانێ چۆڵ کراون. شاری کوبانێ لە ناوچەیەکی ئیستراتیژیك هەڵکەوتووە کە دەبێتە بەربەست بۆ پێشڕەویی داعش بەرەو باکووری سووریە.

هاوکات، هێزەکانی داعش خەریکی نزیکبوونەوە لە سنووری تورکیەن و زۆرێك لە ناوچە کوردنشینەکانیان داگیر کردووە و هەزاران کەسیان بۆ نێو تورکیە ڕاو ناوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا پشتیوانیی خۆی لە خەڵکی کوبانێ ڕاگەیاند و خوازیاری یارمەتیی بە پەلەی هەموو جیهان بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی کارەساتێکی مرۆیی لەم ناوچەیە بوو.

سەرەڕای بارودۆخی خراپی ئاوارەکان و زۆربوونی هەڕەشەکانی داعش لە کوردستانی ڕۆژئاوا، بەرپرسانی ئەو ناوچەیە هێشتا وەڵامێکیان بە دەربڕینی ئامادەیی زۆرێك لە حیزبەکان و ڕەوتە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت هێزەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لەمەڕ ناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ پاراستنی نیشتمان و خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان نەداوەتەوە.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

ڕێبەری هەمیشە زیندوومان، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کاك سەعید!

٢٢ ساڵ بە سەر دوا بزەی سەر لێوت، دوا وتەت، دوا بڕیارت، دوا هەڵوێست و دوا دانیشتنتدا تێپەڕ بوو. ٢٢ ساڵە بە جەستە بەجێت هێشتووین و ئەرکی قورسی درێژەدان بە ڕێگای پڕ لە سەروەریت بۆ قوتابییەکانت بەجێ هێشتوە. ٢٢ ساڵە لە سەر و بەندی کردنەوەی قوتابخانەکان دا، بە ملیۆنان چاوی چاوەڕێی ئازادی، یەکەم وشەیان لە سەر تەختە ڕەشی قوتابخانەکانیان، ناوی بەرز و ڕێبازی پیرۆزی تۆیە.

کاتێك لە گەڵ هاوڕێ و هاوبیرانی وەفادارت، کاك فەتتاحی عەبدولی و کاك هومایوونی ئەردەڵان، ٢٢ ساڵ لەمەوبەر بۆ کۆکردنەوەی هاودەنگی بۆ ڕێکخستنەوەی خەبات بە دژی کۆماری مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێران هەنگاوت نایە میکۆنۆسی بەرلینەوە، بە ملیۆنان چاوی تامەزرۆی سەربەستی لە ڕێگەت بوون کە زوو بگەڕێیەوە و مزگێنیی هاوخەباتییەکی چڕ لە پێناو ئازادییان بۆ بێنییەوە.

کەچی کاتێك هەنگاوت نایە میکۆنۆسەوە، تووشی ڕایەڵکەی ڕەشی تێرۆر هاتی کە بە ڕیشی ئەهریمەنانی سەردەم هۆنرابووەوە و لە سەر ڕێگەت ڕاچێندرابوو. خامنەیی، ڕەفسەنجانی و فەڵلاحیان بە دەست تێکەڵ کردنەوە لە گەڵ حیزبولئەهریمەنی لوبنان و کۆمەڵێك مرۆڤکوژی نێونەتەوەیی لە کەمینتدا بوون. ئەوان لە کەمیندا بوون تا دەنگت کپ بکەن و چرای هیوای گەلەکەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکوژێننەوە. گەلێك کە ئازادیی خۆی لە ڕێ و ڕێبازی تۆدا بەدی دەکرد و تۆیان وەکوو جێگری ڕاستەقینە، بە توانا و هیوابەخشی قاسملووی مەزن تەماشا دەکرد.

مامۆستای بەرز و بەڕێزمان، دوژمنانی نەتەوەکەمان ئەو دەرفەتەیان لێ ئەستاندین و ڕێگایان نەدا کە خۆت و هاوڕێیانت بگەڕێنەوە بۆ نێو جەرگەی ڕێبواران و بۆ نێو دەریای ئەویندارانتان. بەڵام هاوبیر و هاوڕێی قاسملووی نەمر، کاك سەعیدی هەمیشە زیندوو، پاش شەهیدبوونت ناو و ڕێبازێکت بۆ بەجێ هێشتووین کە هەتا هەتایی کردووین. خۆت نەهاتیەوە، بەڵام سەربەرزیی سەرنەوی نەکردن لە بەرامبەر دوژمنی مرۆڤایەتیت بۆ بە دیاری ناردینەوە. خۆت و کاك فەتتاح و کاك هومایوون بوون بە ئەبەدی و ئەرکێکی قورستان بۆ ڕێبوارانی ڕێگای پڕ لە سەروەریتان بەجێ هێشت.

لە ساڵوەگەڕی شەهید بوونتدا، ئەی مامۆستای هەمیشە زیندوومان، بەڵێن بێ کە ڕێ و ڕێبازت بەر نەدەین، لە بەرامبەر دوژمنانتدا، هەر بەو ئیرادە و بوێرییەی کە فێرت کردووین ڕابوەستین.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کوبانێ

به دوای شکستی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکانی کوردستانی باشـــوور و جێ پێ لێژکردنیان لە لایەن هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتانەوە، تیرۆریســـتەکان و جینایەتخولقێنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دوو ڕۆژە هێرشی خۆیان بۆ سەر شـــاری کوبانێ و دەوروبەری لە کوردستانی ڕۆژئاوا چڕتر کردووە. لە ئاکامی هێرشەکانی ئەم تیرۆریستانەدا شاری کوبانێ لەگەڵ وەزعێکی تەواو نائاسایی بەرەوڕوو بووە و ئاواییەکانی دەوروبەری کەوتوونەتە بـــەر ڕەفتاری دزێو و دڕندانەی ئەو جینایەتکارانەوە. لە ئاکامی ئەم وەزعەدا تـــا ئێســـتا زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە دانیشـــتوانی ئـــەم ناوچەیە ئاوارە و ناچار بە جێهێشـــتنی شوێنی ژیانیان بوون و لە هەڵومەرجێکی دژواردا بەسەر دەبەن. بە درێژەکێشـــانی ئـــەم هێرش و پەلامارە دڕندانەیە وێدەچی ڕەوشـــی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەوەش ئاڵۆزتر و پڕمەترســـیتر بێ. دەفتەری سیاســـی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی دەوڵەتی ئیســـلامی بۆ ســـەر کوبانێ، ئەوپەڕی هاوســـۆزی، هاوخەباتی و پشتیوانی خـــۆی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەردەبـــڕێ و داوا لەو دەوڵەت و لایەنانە دەکا ســـنوورەکانیان بە ڕووی ئاوارەکان بکەنەوە و ئەرکی ئینســـانیی خۆیان بەجێ بێنن. داوا لە هێزە سیاســـییە کوردەکان لە کوردســـتانی ڕۆژئاوا دەکا کە لەم هەلومەرجە ناســـکەدا کە بەرەوڕووی خەڵکی کوبانێ بۆتەوە بە یەکگرتوویی و بـــە گیانی تەبایی بەرەوڕووی تیرۆریســـتان ببنەوە. ئەرکی هەموو خەڵك و ڕێکخراوەکانی کوردییە کە یارمەتـــی خەڵکی ئاوارەی کوبانێ و دەوروبەری بدەن. هەر لەو کاتەدا داوا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکا کە بە ئەرکی ئینسانی خۆیان هەستن و بە هانای ئاوارەکانی کوبانێیـــەوە بچن کە بوونەتە ئامانجی کردەوە تیرۆریســـتییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
١٩ی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٤ی زایینی

## دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ حەوتەمین کۆنگرەی KCD




بەڕێـــز کۆنگـــرەی کۆمەڵـــگای دێموکراتیک (KCD)

لەگەڵ سڵاوی خەبات و بەرخۆدان، لە سەرەتادا دەمهەوێ بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(PDKI)، بەبۆنـــەی دەســـتپێکردنی حەوتەمین کۆنگرەکەتان، پیرۆزبایی گەرمتان لێ بکەم و هیوادارم کەلە کاروبارەکانتاندا سەرکەوتوون.

هەر وەک دەزانـــن کورد گەرەترین نەتـــەوەی بێ‌دەوڵـــەت لـــە ئاســـتی جیهاندایە و خاوەنی پێوەرەکانی وەک زمان، خاک، مێژوو، کولتور، ئابووری و ئیـــدارەی هاوبەشـــە کـــە هێمای نەتەوەبوونـــی گەلی کوردن، هەر بۆیە خەباتـــی گەلی کورد هاوکات کە لە دژی بندەستییە خەبات بۆ ناسنامەی نەتەوەییشە.

گەلی کـــورد لە چەنـــد قۆناغی مێژوویی‌دا بەرەوڕووی زۆر کارەســـات و ژینۆساید و دابەشـــکردن بووەتەوە و لەلایەن سیســـتەمەکامی باڵادەســـتەوە بەردەوام هەوڵـــی زەوتکردنی مافەکان و تواندنـــەوەی ناســـنامەی نەتەوەیی کـــورد و کوردســـتان دراوە. هەر بۆیە خەباتی گەلی کورد بەر لەهەر شتێک خەبات بۆ مان و بەدەســـتهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بووە.

ئەو خەباتە هەموو کاتێک لەگەڵ خەبـــات بۆ ناســـنامەی نەتەوەیی، بە ڕەچاوکردنی پرەنســـیبە بەنرخەکانی وەک کەرامەتی مرۆیی و دێموکراسی و دادپەروەیـــی کۆمەڵایەتیـــەوە گرێدراوە.

لە بیاڤی نەتەوەییەوە، ئەو سیاسەتە سیستماتیکانەی کە داگیرکەرانی کوردستان لە ســـەدەکانی ڕابردوودا، بۆ زەوتکردنی ماف و ئاسیمیلەکردنی گەلی کورد بەڕێوەیان بردووە، مەترسی هەرە گـــەورە بووە لە دژی بزووتنـــەوەی ئازادیخوازانـــەی کوردستان.

بە بـــڕوای ئێمەش مەرجـــی پێکـــەوە مـــان و ژیانـــی ئاشتیانەی نەتەوەکان لـــە جوغرافیـــای هاوبەشدا، بەر لە هەر شتێک قبوولکردنی ماف و ناســـنامەی وەک یەکـــی هەموو نەتەوەکانە.

بۆ چارەسەریی ئەو پرسە گرینگانە ئێمـــە وەک حیزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێران (PDKI)، لە ئێران و لـــە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سیســـتمی فێدراڵی بە بـــاش و گونجاو دەزانین. بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لەهـــەر قۆناغێکدا، ئێمـــە بڕوامان بە دیالۆگ و چارەســـەریی ئاشـــتیانە هەیە.

ئێمە لە دژی تیرۆریزم لەهەر شکڵ و لەهەر جێگایەکداین و ئەو کردەوانە چ لەلایەن دەوڵەتـــەوە بن، یان لەلایەن ڕێکخراوێکەوە، مەحکوومی دەکەین.

هـــەروەک ئێـــوە دەزانـــن ڕێژیمی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە ســـەرکارییەوە تـــا ئێســـتا سیاســـەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی بەڕێوەبردووە. ئەو ڕێژیمە هەم لە نێوخۆدا خەڵکی کوشـــتووە و تیرۆر کردووە و هەمیش لە وڵاتانی‌تردا کار و کردەوەی تیرۆریســـتی ئەنجام داوە. تیرۆرکردنی دوکتور قاســـملوو لەســـەر مێزی وتوویژ(١٩٨٨/٧/١٣) و تیرۆرکردنـــی دوکتـــور ســـادقی شـــەرەفکەندی لە ســـاڵی ١٩٩٢دا و ئاکامی دادگای میکۆنۆس، باشترین بەڵگەن بۆ تیرۆریزمی ئەم ڕێژیمە.

ئەو ڕێژیمە نە لەگەڵ خەڵکی ئێران ئاشـــتیی دەوێ و نە لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ و جیهانیش. دەستێوەردانەکانی ئـــەو ڕێژیمە لە کاروبـــاری نێوخۆیی عێراق، ســـووریە، لوبنان و فەلەستین بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.

ئێمـــە هیوادارێـــن کـــە پێڤاژۆی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیەدا، بەرەو ســـەرکەوتن بچێ و کۆتایی بە شـــەڕ بێنێ. چونکە دەسکەوتەکانی ئاشتی هەم بۆ گەلی کورد و هەمیش بۆ گەلـــی تورکیـــە زۆر زیاترن لەو بەدیلانەی کە لە شەڕدا بەدەست دێن.

ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەگەر دەســـەڵاتدارانی تورکیـــا بیانـــەوێ، دەتوانن بۆ چارەســـەی پرسی کورد و بەرفراوانکردنـــی دێموکراســـی لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، ڕۆڵێکی پێشـــەنگیان هەبێ و ببن بە مۆدێلی دێموکراســـی و پێکەوە ژیانی نەتەوە و مەزهـــەب و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان.

ئێمە هیوای سەرکەوتن بۆ دوارۆژێکی وا دەخوازیـــن و هەروەها دەڵێین: نە بۆ شـــەڕ وماڵوێرانی، نە بـــۆ زۆرداری و ئاســـیمیلەکردن، بەڵێ بۆ ئاشـــتی و دێموکراســـی، بەڵێ بـــۆ ژیانێکی شەرافەتمەندانە.

ســـەبارەت بـــە دۆخێکـــی وا کە لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناڤینـــدا هاتۆتـــە گـــۆڕێ، بە لەبەر چاوگرتنی خەباتی بەرەوپێشـــەوەی بزوتنەوە کوردســـتان لە هەموو پارچەکانیـــدا، ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران (PDKI) جەخـــت لەســـەر هاوکاری و یەکیەتیـــی نێـــوان هەمـــوو هێز و ڕێکخراوی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیرییەکان دەکەیـــن، بۆ ئەوە کە لەســـەر بنەمای گیانـــی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن بتوانین لەو دۆخە هەستیارەدا لە بەرامبەر پیلانە دزێوە ناوچەییەکان و مەترســـییەکانی گرووپە تیرۆریســـتیەکان، بەرگری لە ســـەروەریی خەڵکی کوردستان بکەین و بۆ بەدەســـتهێنانی ئازادی و مافی کوردان، دەســـت لە نێو دەستی یەکتر دابنێین.

١٥ی خەرمانانی ســـاڵی ١٣٩٣ی هەتـــاوی (٦ی ســـپتامبری ســـاڵی ٢٠١٤ی زایینی)

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەدا بەشداری کرد

ڕێکەوتـــی ٢١ هەتا ٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێوڕەســـمی جێژنی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە (humanite)، لە پارکی "کورنوف" هەڵکەوتوو لە شـــاری پاریس بەڕێوەچوو. خۆســـرەوعەبدوڵڵاهی، ئەندامـــی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و نوێنەری حیزب لە فەڕانســـە، لەســـەر بانگهێشـــتی فەرمیی حیزبی کۆمۆنیســـت لەو ڕێوڕەسمەدا بەشـــداری کرد. نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ڕێوەڕەسمەدا لە گەڵ چەندین کەس لە نوێنەری حیزبە بەشدار بووەکان، لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان چاوپێکەوتنی کرد.

## ڕێوڕەسمی بیست و دووهەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری میکۆنۆس لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتـــی ٢٧ی خەرمانانـــی ١٣٩٣ی هەتاوی،ڕێورەسمی٢٢هەمین ســـاڵڤەگەڕی شـــەهید کرانی دکتور سەعید و هاورییانی لە ناوەندی ٣ی کوردســـتان، بە ســـروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیـــب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شـــەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بە تایبەت شەهیدانی میکۆنۆس دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لە ســـاڵڤەگەڕی تیرۆری میکۆنۆس لـــە لایـــەن "ئێدریس هورمـــوزی"ەوە خوێندرایـــەوە. لە بەشـــێکی دیکەی ڕێوڕەســـمەکەدا ســـرودێك لـــە ژێر نـــاوی "ســـادقی شـــەرەفکەندی، وەك چیـــا ســـەربڵندی"، لـــە لایەن کۆمیتەی "هیوا"ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە پێشـــکەش کرا. بەشێکی دیکەی ڕێوڕەســـمی ٢٦ی خەرمانان بۆ خوێندنـــەوەی پەیامی کۆمیتەی یەکیەتییەکانـــی ژنـــان و لاوانـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران لە ناوەندی ٣ی کوردستان لە لایەن "زەکیە سیدقی"ەوە تەرخان کرابوو. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا "حوســـەین حەسەننیا" پارچـــە شـــێعرێکی لە ژێـــر ناوی "نامەیەك لە ڕەهەندەکانی شەرافەتەوە بۆ شەهیدێکی ســـەرکردە"، پێشکەش کـــرد. لـــە کۆتایی ڕێوڕەســـمەکەدا ســـروودی"ڕابوون" لەلایـــەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

## لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی شەهیدکرانی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڕێوەچوو



ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی شـــەهیدکرانی دوکتور شـــەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانـەوە لە بڕلین، بە بەشداری چەند ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، نوێنەری چەندین حیزبی سیاسیی کوردستانی و ئێرانی و چەندین کەســـایەتیی ئاکادێمیك و نوێنەرانـــی ڕێکخراوە مەدەنییە کوردییەکان و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بلژیك، لە ســـەر گلکۆی شەهیدان د. شەرەفکەندی، کاك فەتاح عەبدولی و کاك هومایون ئەردەلان بەڕێوەچوو. ڕێوڕەســـمەکە بە ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بـــۆ ڕێزگرتن لە شـــەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردســـتان، بە تایبەت شـــەهیدانی میکۆنۆس دەستپێکرد. پاشان خوسرەو عەبدوڵڵاهی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. دوای ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی میکۆنۆس، بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمە سەردانی گۆڕی شـــەهیدان "د.قاسملوو و کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر"یان کرد و لەگەڵ ئەو شەهیدانەش پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

## لە ناوەندی یەکی کوردستان، ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی تیرۆری میکۆنۆس بەڕێووەچوو

ڕێکەوتـــی ٢٨ی خەرمانـــان، بـــە بۆنـــەی ٢٢هەمیـــن ســـاڵڤەگەڕی تیـــرۆری شـــەهیدانی میکۆنۆس لە لایـــەن ڕێژیمی ئێســـلامیی ئێرانەوە، ڕێوڕەســـمێك بە بەشـــداریی میوانان، کادر و پێشـــمەرگەکانی ناوەندی یەك و ئەندامانـــی حیزبـــی دێموکرات لە کەمپی کاوە، لە ســـاڵۆنی گشـــتیی ناوەندی یەکی کوردســـتان بەرێوەچوو. ڕێوڕەســـمەکە بە ســـروودی نەتەوەیی "ئـــەی رەقیـــب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شـــەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردســـتان دەستی پێکرد. پاشـــان پەیامی ناوەندی یەکی کوردســـتان لە لایەن "تاهیر کەسیلی" ئەندامـــی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بەرپرســـی ناوەندی یەکی کوردستانەوە خوێندرایەوە. پاشـــان سروودێك لە ژێر ناوی "سادقی شەرەفکەندی، وەك چیا ســـەربڵندی" لە لایەن کۆڕی هونەریی ناوەنـــدی یەك بـــە هاوکاریی کۆڕی مووزیکـــی حیزبەوە پێشـــکەش کرا. پەخشانی "پاییزە خەزان" لەلایەن "سمکۆ بێکەس"ـە وە پێشـــکەش کرا. هەروەها پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران لەلایەن "ئاویەر شێخی"ەوە خوێندرایەوە. بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان بۆ پێشـــکەش کردنی دوو پاخشان لەلایەن "هانـــا موراد وەیســـی" و "عوســـمان کەرەمی"ەوە تەرخان کرابوو.

## چاوپێکەوتنی شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات و پارتی سوسیالیستی باکووری کوردستان

ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ، شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوید ســـەردانی پارتی سوسیالیستی باکووری کوردستانی کرد. سەرەتا باس لە پێوەندیی نێـــوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی سوسیالیستی باکووری کوردستان کرا و دوو شاندی ئەم دانیشـــتنە لەسەر مێژووی دۆستایەتی حیزبی دێموکرات و پارتی سوسیالیست و بەردەوام بوونی زیاتری ئەم پێوەندییانە لە بـــوارە جۆراوجۆرەکانـــدا جەختیان کردەوە. ڕووداوەکانی ئـــەم دواییانەی باشووری کوردستان و هاتنی دەوڵەتی ئیســـلامی عێراق و شام "داعش" و خۆ ئامادەکردنی هێزی پێشـــمەرگەی هەر چوار پارچەی کوردســـتان لە هەمبەر هەر جـــۆرە ئەگەرێکی نەخـــوازراودا، لەو چاوپێکەوتنەدا باســـیان لێوەکرا. لە تەوەرێکی دیکەی ئەو سەردانەدا ئاماژە بە ڕۆڵ و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ســـەبارەت بە حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشـــەکانی دیکەی کوردستان کرا و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا لەلایەن هەیئەتی پارتی سوسیالیستی باکووری کوردســـتانەوە بەرز نرخێندرا. هەروەها لەم چاوپێکەوتنەدا چۆنیەتی یارمەتی و پشتیوانی هێزە کوردســـتانییەکان و ڕەوەنـــدی کوردی لە دەرەوەی وڵات بۆ ئاوارەکانی شنگال خرایە بەرباس.

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتور سەعید و هاوڕییانی



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری شەهید دوکتور سەعید و هاوڕییانی لە ڕێستورانی میکۆنۆس، چالاکی بەرینی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد. ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات، لە کەش و هەوایەکی ئەمنییەتی زاڵ بە سەر شارەکانی کوردستانی ئێراندا بە نووسینی دروشم، بڵاوکردنەوەی پوستێر و تراکتی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان و سی دی حیزبی، چالاکیی تەبلیغاتییان لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەبرد و بۆ جارێکی دیکەش، نەفرەتی خۆیانیان لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی. بە هۆی زۆر بوونی شوێن و ناوچەکان، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین کە بریتین لە: کرماشان، سنە،کامیاران، مەهاباد، بۆکان، دیواندەرە، سەقز، سەرپێڵ زەهاو، سائین قەڵا، پاوە، گەهوارە، مەریوان و شنۆ.

بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە چالاکی تەبلیغی ٢٦ی خەرمانان، سەردانی سایتی "کوردستان میدیا" بکەن.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە حەوتەمین کۆنگرەی KCD لە شاری دیاربەکر بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز محەممەد ساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، لە حەوتەمین کۆنگرەی جڤاکا دێموکراتیك (K.C.D) کە لە شاری دیاربەکر بەڕێوەچوو بەشداریی کرد و بەم بۆنەوە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی پێشکەش کرد. لە پەراوێزی کاری کۆنگرەکەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاویان بە کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و میدیاوانان و لایەنەکانی بەشداری کۆنگرە کەوت و لەگەڵ چەند کاناڵێکی تەلەفزیۆنی چاوپێکەوتنیان کرد.

**دەقی پەیامی پێشکەش کراو لە لاپەڕەی ٢دا هاتووە.**

## سمیناری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان لە لایەن کۆمیتەکانی حیزب لە ئامریکا و ئورووپا بەڕێوەچوو

بەبۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی، لە وڵاتانی ئامریکا، دانمارك، سوید، ئاڵمان و فێنلاند بە بەشداریی هەژمارێك لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، سمینار و کۆبوونەوە بەڕێوەچووە. ڕێوڕەسمەکان بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی کارەساتی میکۆنۆس دەستیان پێکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی ئامریکا و دانمارك و سوید پێشکەش کران. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو سمینار و کۆبوونەوانەدا لە لایەن چەند کەسایەتییەوە لە سەر ژیان و ڕۆڵ و خەباتی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزوتنەوی ڕزگاریخوازی نەتەوی کورد، تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاکام و دەرنجامەکانی دادگای میکۆنۆس قسەیان بۆ بەشداران کردوە. هەروەها پەخشان و شیعر بەم بۆنەیەوە لە نێوئاخنی ئەو سمینارانەدا خوێندرانەوە.

## لە پیرانشار و ورمێ چەند کۆڵبەری کورد لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژران

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی "کوردپا"، ڕێکەوتی ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، هێزە نیزامییەکانی هەنگی سنووریی سپای پاسداران لە پیرانشار لە شوێنێك بە ناوی "ملەمار" لە نزیك "دۆڵی زەویانە" کاروانی کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی گوللە. لەو کردەوەیەدا دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی ئیدریس ئیبراهیمی و عومەر سوڵتانی کوژران و کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی "سلێمان ئیبراهیمی" بریندار بوو. هەروەها لە ورمێ کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زاهیر سەربازی، خەڵکی ورمێ لەلایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە درایە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی گوللە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دا و کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی" مەهدی" بریندار بووە.

## مەرگی گوماناویی مامۆستایەکی زانکۆ لە شاری پاوە

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، موقەددەس یووسفی، خوێندکاری قۆناغی دوکتورای پلانڕێژیی دەرسی و مامۆستای قوتابخانەکان و زانکۆی پەیام نووری شاری پاوە، بەشێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا. مەرگی موقەددەس یووسفی، گومانی لای کەسوکاری دروست کردووە کە ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هۆکاری گیان لەدەست دانی ناوبراو بن. بە هۆی ئەوەی بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو کەسێکی لێوەشاوە و بە توانای شاری پاوە لە بواری پلانڕێژیی دەرسی و پەروەردەییدا بووە. موقەددەس یووسفی کە خوێندکاری قۆناغی دوکتورای پلانڕێژیی زانکۆی تاران بوو، دەیان وتاری زانستی و لێکۆڵینەوەیی لە بوارەکانی "پەروەردە، پلانڕێژیی دەرسی و فێرکاریی زمانی ئینگلیزی"دا لە وێبلاگەلانی خۆیدا بڵاو کردوتەوە.

## لە گوندی گەلێن بە هۆی داخرانی قوتابخانەکانی دواناوەندی، قوتابییان واز لە خوێندن دەهێنن

بە هۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پاریزگای سنە، قوتابخانەکانی قۆناغی دواناوەندیی کچانە و کوڕانەی گوندی گەلێن داخراون و تەنیا لە پۆلی یەکەمی دواناوەندیدا قوتابی ناونووس دەکەن. قوتابخانەکانی دوا ناوەندیی کچانە وکوڕانە بۆ پۆلی دووهەم و سێیەمی دواناوەندی بۆ ساڵی تازەی خوێندن هیچ قوتابییەك ناونووس ناکەن، هەر بۆیەش زۆربەی قوتابیانی ئەو گوندە بەتایبەت کچان وازیان لە خوێندن هێناوە. هەروەها بە هۆی کەمی داهاتی خەڵکی ئەو گوندە، بنەماڵەی قوتابییان توانای ئەوەیان نییە منداڵەکانیان بۆ شارەکان بنێرن تا درێژە بە خوێندن بدەن.

## لە مەهاباد، باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی محەممەد ڕەسووڵپوورئەقدەم، باوکی شەهید خدر بەهۆی نەخۆشی و پیری لە گوندی سێلەکەی سەربە شاری مەهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا لە گوندی زێدی خۆی ئەسپێردەی خاك کرا. ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو و هەردەم شانازی بەوەوە دەکرد کە کوڕێکی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بۆ پاراستن و بەرگری لە خاکی کوردستان شەهید بووە. شەهید وەستا خدر، ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە گوندی سێلەکە سەر بە شاری مەهاباد لە دایك بوو. ناوبراو ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە شەڕ و پێکدادانی تیمێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە گەڵ هێزێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شوێنێك بە ناوی "ورچەك" شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرە خۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس وکاری کاك محەممەد ڕەسووڵپوورئەقدەم دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شنۆ دایکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە ئامینە تەعتیلی ناسراو بە "ئامینی شبێلی" دایکی شەهید قادرمیرزایی ناسراو بە "قادر شبێلی" و خوشکی شەهید عوسمان ڕوویان خەڵکی گوندی شێوەسماك سەر بە شاری شنۆ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە ئامین وکوو کەسایەتییەکی نیشتمانپەوەر و بە هۆی دڵسۆزی وئەمەگناسی بۆنیشتمانەکەی وخۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خۆڕاگری لەهەمبەرئازار وئەشکەنجەی داگیرکەرانی کوردستان، لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە ڕێزی لێ دەگیرا. دایە ئامین هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕ و برا فەرماندەکەی دەکرد و تەواوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە کوڕ و کچی خۆی دەزانی. شەهید قادرمیرزایی ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی شێوەسماك سەر بە شاری شنۆ لە دایك بوو. ناوبراو فەرماندە لکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شوێنێك بە ناوی "گەلاز" شەهید کرا و لە "شێوەسماك" بە خاك ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە ئامینە دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە هەولێر کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، عەبدوڵڵا ئەمجەدی ئەندامی حیزبی دێموکرات، لە دایکبووی گوندی ئالیاوای ناوچەی کەڵاتەرزانی سنە و باوکی تۆفیق ئەمجەدی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بەهۆی ڕووداوی هاتوچو لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. ناوبراو هەتا دوایین هەناسەکانی، بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە و خۆی و بنەماڵەکەی وەکوو ئەندامێکی دڵسۆز و فیداکار ئەرکی حیزبییان بەڕێوە دەبرد. تەرمی کاك عەبدوڵڵا ئەمجەدی لە نێو ئاپۆڕای خەڵك و هاوڕێیانیدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری عەبدوڵڵا ئەمجەدی دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کۆچی دوایی دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٣، "مەتێ ڕەیحان عەرەبی" کچی "سەرفراز" و دایکی، سیامەند تەربی، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مەتێ رەیحان، خەڵکی گوندی "ئەنبێ"ی ناوچەی تەرگەوەڕی سەر بە شاری ئورمیە بوو و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ئەو ناوچەیەدا لە گوندی "ئەنبێ" بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەس و کاری "مەتێ رەیحان" و بە تایبەت کاك سیامەند تەربی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە شاری نەغەدە، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، "میرزا ئیبراهیم ساوجبلاغی" کوڕی "ئەحمەد" و خەڵکی شاری نەغەدە بەهۆی نەخۆشی و پیری لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. مام برایم کەسایەتییەکی خۆشناو و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵك و لایەنگرێکی بە ئەمەگ ودڵسۆزێکی بە وەفای حیزبی دێموکرات بوو، هەر لە بەر ئەم هۆکارە چەندین جار خۆی و بنەماڵەکەی کەوتبوونە بەر ئازار و ئەشکەنجەی دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم و بێڕێزییان پێ کرابوو. بەڵام ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی ڕێژیم کاریگەریی لەسەر بیر و باوەڕی مام برایم دانەنا و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن شەرەفی
# جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانانندا



میوانانی ئازیز!
هاوڕێیانی بەڕێز!
خوشك و برایانی خۆشەویست!

ئەمڕۆ ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ٢٢ ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا تێدەپەڕێ کە لەودا و لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا هاوڕێ و مامۆستای گەورەمان کاك دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی وێڕای کاك فەتاحی عەبدولی، کاك هومایونی ئەردەڵان و کاك نووری دێهکوردی دۆستی نزیکی حیزب لە پیلانێکی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیدا لە بێرلین و لە کاتێکدا کە بۆ سەفەرێکی بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سوسیالیستدا چووبوونە بێرلین و دوای ئەوەش قەراری دانیشتنیان لەگەڵ پۆلێك لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو بۆ تاوتوێکردنی وەزعی ئێران و ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ڕستورانێکی ئەو شارەدا بە ناوی میکۆنۆس کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەو زامە بە ئێش و بە ژانە لە هەلومەرجێکدا کەوتە سەر جەستەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئێستا برینی سەر جەستەی حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو هەر بە سوێ بوو بۆیە جارێکی دیکە تەمی ئەو غەمە بە سەر هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا تەنانەت لە هەموو پارچەکاندا باڵی کێشا، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و لێهاتوویی و بە بڕشتی سکرتێری پێشووتری حیزبەکەمان کاك دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئەو دەرەتانەی نەدا کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستە ئەسڵییەکەی بگات. دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە ئاوایی تەرەغە لە ناوچەی بۆکان لە دایك بوو، تەمەنی زۆر منداڵ بوو کە لە بوونی باب بێبەش بوو سەرپەرستییەکەی کەوتە دەست براگەورەکەی مامۆستا هەژار، شاعیری ناوداری کورد لێرەڕا دەبێ بزانین کە کەسێك شاعیرێکی نەتەوەیی سەرپەرستی بکا و پێی بگەیەنێ دەبێ ئەو منداڵە یا مێرمنداڵە کە گەشە دەکا و پێدەگا لە نێو کۆمەڵگادا خاوەنی چ بیروباوەڕێك دەبێ. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد و دواساڵی ناوەندی لە تەورێز تەواو کرد لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە خوێندنی لەو شارانە تەواو کرد یا لەو شارانە درێژە دا بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە خاوەنی چ ئیستعداد و زەکاوەت و هۆشێکی تایبەتییە و لە هەموو دەورانی خوێندنیدا یەکەم بووە یا لە ڕیزی دەگمەنەکان بووە. بۆ درێژەی خوێندن چووە تاران و لە دانشسەرای عالی درێژەی بە خوێندن دا و لە ڕشتەی شیمیدا لیسانسی وەرگرت لەوێشدا ئەو زەکاوەتەی خۆی نیشاندا بە جورێك کە یەکەمی ئەم ڕشتەیە لە شیمی بوو لە دانشسەرای عالی هەر بۆیەش بۆرسێکی پێ درا کە لە دەرەوەی وڵات بتوانێ درێژە بە خوێندنەکەی بدا، بەڵام ئیجازەی کەڵکوەرگرتن لەو بۆرسەیان لە سەرەتادا پێ نەدا بۆیە گەڕاوە شارەکانی کوردستان لە مەهاباد زیاتر و لە ورمێ کەمتر، لە دەبیرستانەکان دەرسی دەگوتەوە. لەو ماوەیەشدا خۆی و ژمارەیەك لە دەبیرەکانی هاوبیری، هاوفکری کەوتنە ئەوەی کە یەکگرتنێکی ڕانەگەێندراو پێك بێنن بۆ ئەوەی کە ئەوەندە هەوڵ لەگەڵ خوێندکارانی کورد و قوتابیانی کورد بدەن کە ڕێژەیان لە دانشگاکانی ئێراندا بە شێوەیەکی بەرچاو بچێتە سەرێ و هەر وایش بوو ئەوەندە بەرچاو بوو کە لە چاوی ساواك ون نەبوو بۆیە هەم خۆی و هەم هاوبیرەکانی بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران دوورخرانەوە، ئەو بۆرسیەی کە دەبوو ئەو کەڵکی لێوەربگرێ و نەیدرایە، یەکی دیکە بوو بە خاوەنی کە پاش تەواوکردنی دەرسەکەی گەڕاوە تاران و بەرپرسایەتیکی بەرزی لە وەزارەتی ئامووزشی عالیدا پێ درا بەڵام هەمیشە ویژدانی نارەحەت بوو لەوەیکە حەقێکی زەوت کردووە و حەقێکی لە کەسێکی دیکەی شایستەتر لە خۆی پێشێل کردووە بۆیە زۆری هەوڵدا و تێکۆشا کە ئەو بورسە زیندوو بکاتەوە و کردیەوە و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لەو بورسە چووە فەرانسە و لەوێ دوکتۆرای بە پلەیەکی بەرز لە دانشگای پاریس وەرگرت لەوێ بوو کە لە ساڵی ١٣٥٢دا لە نزیکەوە لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو ئاشنا بوو کە دەڵێم لە نزیکەوە لە بەر ئەوەی دووراودوور یەکتر ناسین هەر هەبوو بەڵام لەوێ لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا دەبێ و هەر لەوێش لە سەر داوای دوکتۆر قاسملوو ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی قەبووڵ کردووە و ئەو شانازیەی پێ بڕاوە. ساڵی ١٣٥٢ کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قەبووڵ دەکا ئەو کات لەگەڵ ئەوەی کەسایەتێکی ئازادی و عەدالەت خواز و بە نیشتمان پەروەرێکی کورد ناسرابوو ئەندامی هیچ حیزبێکی دیکە نەبوو، بۆیە لەوکاتەوە تا دوا هەناسەی ئەندامی ئەو حیزبە مایەوە و بە ڕێبازی ئەو حیزبە و بە مامۆستا و هاوڕێکەی کاك دوکتۆر قاسملوو وەفادارمایەوە. پاش وەرگرتنی دوکتۆرا گەڕاوە تاران و لەوێ وەك ئۆستاد ئەو ئەرکەی کە لە حیزبدا پێی ئەسپێردرابوو بە نهێنی کاری تەشکیلاتی لە نێو خوێندکارانی کورددا بکرێت و پێوەندی لەگەڵ شارەزایان و ڕووناکبیرانی سیاسی فاسیلە گرتوو لە ڕێژیمی شا بگرێ ئەرکی خۆی بە تەواوی بەجێ گەیاند پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەو هەلومەرجەی کە لە کوردستان هاتە پێش بەڕێوەبەرایەتی حیزب داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە کوردستان ئەو دەست بەجێ ژیان و گوزەرانی خۆش و بەرپرسایەتی بەرزی وەلا نا و هاتەوە و لە ڕیزی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێکۆشا. ئەو لە ڕیزەکانی حیزبدا زۆر زوو پلەکانی وەکوو ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری گشتی بڕی، هیچ یەك لەو عنوانانە هیچ یەك لە بەرپرساریەتیانە بۆ دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی عەناوین و پۆستی زوودڕەس نەبوون لەبەر ئەوەی هەمووی بە لێهاتوویی خۆی بە زانایی خۆی و هەر بەو ئیستعدادەی کە لە جەریانی خوێندندا لە خۆی نیشان دەدا لە تێکۆشانی حیزبیشدا ئەو زەکاوەتە و ئەو ئیستعدادە و ئەو لێهاتوویەی لە خۆی نیشاندا و ئەو پلانەی بڕی، ئەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە پێش ئەوەی جێگری سکرتێری حیزب بێت وەکوو سیمایەکی دیاری دەفتەری سیاسی حیزبەکەمان بەرپرسیارەتی جۆراوجۆری لە بەشەکانی حیزبدا لە ئەستۆ گرت بەڵام زۆرتر لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب کە ئەو کاتە بە ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەرتەسك دەبوون بەڵام ئەو هەمی خۆی و هۆشی خۆی هەر لەسەر ئەو بەشە نەبوو کە بەرپرسایەتی تیدا هەیە لە هەموو بەشەکان کەلێن و قوژبنەکانی ئەو حیزبەدا دەستی ئەو، هۆشی ئەو، بیری ئەو لە کاردا بوو. ئەو لە هەموو ئەو هەڵوێست گرتن و بڕیارانەی کە لە کۆنگرەکانی حیزبدا کە ئەو کاتە ڕەنگە بیری وا هەبوویێت کە لە دیموکراسی لە مافی نەتەوایەتیدا ئەگەر هاوڕاییەك بوویێت لە مەسەلەی دیاری کردنی ئامانجی دواڕۆژدا تەفاوتی بۆچوون هەبوو، ئەوەی دوکتۆر قاسملوو وەك سوسیالیزمی دێموکراتیك دواتر هێنای. دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی هەر جێگری بە واقێعی و بەجێی دوکتۆر قاسملوو نەبوو ئەو یارێکی تەواو و قورس و قایمی دوکتۆر قاسملوو بوو لە چەسپاندنی ئەو بیرە دیمۆکراسیە ئەو بیرە نەتەوایەتییە و ئەو گونجاندنەی سوسیالیزمی دیمۆکراتیك وەکوو ئامانجی دوا ڕۆژ، بەو مەبەستەی کە زۆرجار دەگوترێ بۆ ئەوە بووە خەتی حیزب لە توودە جوودا بکرێتەوە، بەشێکی ڕەنگە وا بووبێ، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەوە بوو ناکرێت حیزبێك باوەڕەکەی ئەوە بێ کە دیمۆکرات بێت و بۆ دیمۆکراسی خەبات بکات بەڵام لایەنگری جۆرێك لە سوسیالیزم بێت کە نیهایەتەکەی دیکتاتۆریی بێ، جا با دیکتاتۆر پۆرۆلتاریا بێت. دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی بوو، مودیر بوو، بە بڕشت بوو، بە پشتکار بوو، وەخت و بێ وەختی بۆ کار کردن نەبوو، زانا بوو، بە هۆش بوو، واقیع بین بوو هەموو ئەو تایبەتمەندییانە وای کردبوو کە ئەو بتوانێت لە هەر بارێکەوە لە حیزبدا خاوەنی بۆچوون و نەزەری تایبەتی خۆی بێت و لە هەموو بوارێکەوە ئەو بۆچوونانەی لەگەڵ بۆچوونی دوکتۆر قاسملوو لە هەموو بابەتە ئەساسی و ئەسڵییەکاندا وەك یەك بێت بۆیە هەمیشە ئەڵێن دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی یاری وەفاداری دوکتۆر قاسملوو بوو، سادق بوو ڕەنگە کەم وا هەبێت هیچ نێوێك لەگەڵ تایبەتمەندی کەسێك وا ڕێك بکەوێ یانی نێوی سادق بێت و ئاواش سەداقەتی زۆربێت لە پێوەندی لەگەڵ حیزبەکەی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ مامۆستاکەی خۆیدا. بە داخەوە دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، تیرۆر کرا. دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی وەکوو جێگری سکرتێری گشتی لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا ئەو هەلومەرجەی ئەو تیدا ئەو بەرپرسایەتییەی وەرگرت خۆی دەرخەری ئەوەیە کە چەندە کەسایەتییەکی بە ئیرادە و چەندە کەسایەتییەکی بە پشتکار و پشت بەستوو بە خۆیەتی. ئەو لە هەلومەرجێکدا ئەو بەرپرسایەتییەی وەرگرت کە ئێستا ئەو تەمەی لە غەمی لە دەست چوونی مامۆستاکەی و یار و یاوەرەکەی کە دوکتۆر قاسملوو بوو بەسەر جەستە و زیهن و هەموو گیانیدا زاڵ بوو، ئەو دەیزانی ئەچێتە سەر کورسیەك کە هی دوکتۆر قاسملوویە پڕ کردنەوەی ئەو جێگایەی زۆر ئاسان نیە لەگەڵ ئەوەی کە ئیمانی هەبوو بەوەی کە دەتوانێ زۆر شت بکات بەڵام پێ وابوو ئەو چاوەڕوانییە کە لە کەسێك کە ئەچێتە جێی دوکتۆر قاسملوو هەیە و دەبێ ئەو چاوەڕوانییەی وەدی بێنێت هاسان نییە و ئەوە زۆرجار بۆ خۆی دەیگووت هیوادارم بە هاوکاری هەموو هاوڕێیان شانە چکۆلەکانی من بتوانن ئەو بەرپرسایەتییە قورس و گرانە تەحەمول بکات و کردی و ئەوەی لە ڕۆژەکانی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا فەرمووی بەڵێنی دەدەین ڕێگات درێژە دەدەین یان سەردەکەوین یان سەر دادەنێین و دینە لای تۆ، لێرەشدا ئەو وەفاداریەی خۆیی و بەڵێنیەی خۆی لەگەڵ حیزب و لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو بردە سەر. بەرپرسایەتیەکەی وەرگرت بەڵام وای ئەو بەرپرسایەتییە بەڕێوە برد وا لێهاتووی و لێزانی لە خۆی نیشاندا بە بڕشتی و پشتکاری لە خۆی نیشاندا کە ئەگەر هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆماری ئیسلامی هەدەفی دەستگای تیرۆریزمەکەی بوون، دوکتۆر سەعید لە پێشەوەی ئەو هەدەفانە بوو، بۆ یەکەم کۆماری ئیسلامی پێی وابوو، بۆچوونی ئەوە بوو (لە سەر بدە جەستە دەکەوێ) کە لە دکتۆر قاسملوویان دا جەستە نەکەوت، پێی وابوو بۆیە نەکەوتووە چوونکە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی هەبووە، لەو سەرەشیان دا بەڵام دەرکەوت دیسان ئەو جەستەیە نەکەوت، بریندار بوو، زامی هەڵگرت، خوێناوی بوو، بەڵام بە چۆکدا نەهات نە بزووتنەوە کز بوو، نە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چۆکداهات. ئەوە بوو پیلانی تیرۆریان بۆ داڕشت و لە سەفەرێکدا کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیزم دا بۆ بەرلین لە ئاڵمان کردی بە ماوەیەکی کەم لە دوای بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا پیلانەکە لە ڕستوورانی میکۆنووس بەڕێوە چوو بەداخەوە شەهید بوو کاك فەتاحی عەبدولی هاوڕێی تێکۆشەرمان و نوێنەرمان لە دەرەوەی وڵات شەهید بوو، کاك هۆمایوون بەرپرسی کومیتەمان لە ئاڵمان شەهید بوو و دۆستی دێرینی حیزبەکەمان کاك نووری دێهکوردی شەهید بوو.

هەر کات ئێمە باس لە شەهید بوونی دکتۆر سادق شەرەفکەندی و باقی هاوڕێیانی دیکەمان دەکەین لە ڕستوورانی میکۆنووس بۆ هەموو خەڵك ڕەوتی دادگای میکۆنووس وەبیر دێتەوە و بەرچاو دەکەوێ کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تیرۆری لێ کردبوو بێ ئارەقە دەرچوو بوو، دەیشی زانی زۆرتر لەو وڵاتانە تیرۆریستەکانی دەنارد و تیرۆرەکانی ئەنجام دەدا کە پەیوەندی باشی بازەرگانی لەگەڵیان هەبووە و دڵنیا بوو کە مولاحیزاتی سیاسی ئەوان ڕێگا نادا شتەکە بە تەواوی ئاشکرا بێت، بەڵام قازییەکانی دەزگای قەزایی ئاڵمان و وەکیلەکانیش لەگەڵ ئەوەی لە پێشدایە هەم لە لایەن ئێرانەوە تەنانەت لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیشەوە ڕێگای تەتمیعیان بەرامبەر گرتنە بەر، نەبوو ڕێگای هەڕەشەی ئاشکرا و نەهێنیان گرتە بەر، سەرنەکەوتن، هەوڵی وەزیری خارجەی ئاڵمان لەگەڵ قازیەکان سەر نەکەوتن، سەربەخۆیی دەزگای

درێژەی لە لاپەڕە ٥

**کۆماری ئیسلامی پێی وابوو، بۆچوونی ئەوە بوو (لە سەر بدە جەستە دەکەوێ) کە لە دکتۆر قاسملوویان دا جەستە نەکەوت، پێی وابوو بۆیە نەکەوتووە چوونکە دکتۆر سادقی شەرەفکەندی هەبووە، لەو سەرەشیان دا بەڵام دەرکەوت دیسان ئەو جەستەیە نەکەوت، بریندار بوو، زامی هەڵگرت، خوێناوی بوو، بەڵام بە چۆکدا نەهات نە بزووتنەوە کز بوو، نە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چۆکداهات**

# بەڵگەیەکی دیکە لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران



کانیاو

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و بە تاڵان بردنی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بە هەموو شێوەیەك دژایەتی لە گەڵ ئەو فەزا ئازاد و دێموکراتیکە دەکرد کە لە ئێران و کوردستاندا پێکهاتبوو. هەر بۆیە ڕێژیمی خومەینی، هێزە گۆپاڵ بە دەستەکانی وەك کومیتە و پاسدارارنی ڕەوانەی شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکان کرد تا بە تیرۆر و کوشتنی ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، هەم ئەم فەزا ئازاد و دێموکراتیکە لە ناو ببەن و هەم گەلانی ئیران لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەز بکاتەوە. هەر بۆیە ڕێگەی کوشتن و تیرۆری جیابیران و خەڵکی مافویستی نەتەوەکانی ئێرانیان گرتەبەر. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە تا ئیستا لە تیرۆری شۆڕشگیران، ئازادیخوازان، کەسایەتیی ئایینی و نیشتمانپەروەری نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت ڕێبەرانی نەتەوەی کورد، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵاتدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەك ئەرکێك بەڕێوە بردووە، کە ئیستاش تیرۆوریزمی دەوڵەتی ڕێژیم بە شیوەی جوراوجور درێژەی هەیە. تیرۆی دوکتور عبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی، دوکتور شاپور بەختیار، کازم ڕەجەوی، دوکتور عبدولڕەحمان برومەند و سەدان کەسایەتیی دیکەی بەرهەڵستکاری ڕێژیم، هەروەها سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، تەقاندنەوەی بنکەی سەربازیی ئامریکا لە خوبیری عەرەبستان، بنکەی بازرگانی ئامیای جولەکەکان لە ئارژانتین و زۆر تەقینەوەی دیکە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان، هەروەها تیرۆری ماموستا مەلا محەممەدی ڕەبیعی لە کرماشان، شاعیر و نوسەری کورد کاك محەممەد عەلی ڕوستەمی و مەلا ناسر سونحانی لە شاری سنە، کاك برایم ولیزادە ماموستای قوتابحانەکانی بوکان و دەیان کەسایەتی ئایینی و نشتمانپەروەری دیکەی کورد بە شیوەی بەرنامە داڕێژراو لە ناوخۆی وڵاتدا، هەموویان لە لایەن دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون.

یەکێك لە ڕووداوە گرینگەکانی کوردستانی ئێران، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، پەیوەستبوونی ئەفسەر و دەرەجەدارانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد بە ڕیزەکانی هیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە بە قوناغێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی گەلی کورد دەژمێردرا. سەرگورد حەبیبوڵلا عەبباسی یەکیك لەو ئەفسەرە ئازادیخوازانەی کورد بوو کە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران لە تاران خزمەتی دەکرد. هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تاران پێوەندی گرت و وەك لایەنگرێکی چالاکی حیزب تێکۆشانی سیاسی دەست پێکرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران گەڕایەوە بۆ شاری مەهاباد و لە گرتنی پادگانی مەهابادا ڕۆڵی بەرچاوی بینی. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. دوای کۆنگرە سەرگورد عەبباسی بوو بە بەرپرسی شوورای نیزامی حیزبی دێموکرات، کە لە پێگەیاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. هەر بۆیە ڕێژیمی خومەینی هەمیشە لێی لە بۆسە و پیلانگێرییدا بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ لە نێوی بەرێ. بۆیە پاش دارشتنی پیلانێکی دژە مرۆیی، سەرئەنجام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، توانی لە ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاویدا، بە فیڵ و تەڵەکە و لە ڕێگای دوو پاسداری نفوزیی خۆیەوە لە شوورای نیزامیی شاری مەهاباد، داوای چاوپێکەوتن لە گەڵ سەرگورد عەبباسی بکەن. پاسدارە تیرۆریستەکان پاش چونە ژووری سەرگورد عەبباسی، بە چەکێکی ئوتوماتیك دەستڕێژ لە سەرگورد و هاوکارەکەی دەکەن و دەسبەجێ سەرگورد و هاوکارەکەی بە ناوی سەروان ئەحمەد چەڵەبی شەهید دەبن. پاسدارە تیرۆریستەکان دەتوانن لە شوینی بنکەی شوورای نیزامی بەرەو پادگانی مەهاباد خۆیان دەرباز کەن. بەڵام یەکیك لە تیرۆریستەکان لە نێو شاری مەهاباد بە تەقەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کوژرا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش ئەو تیرۆرە، دەیان و سەدان کردەوەی تیرۆریستی دیکەی لە شوێنە جیاجیاکان بەڕێوە برد، بەڵام دەبێ ئێستا بۆی دەرکەوتبی کە بە گرتنەبەری تیرۆری جیابیران وخەباتگێڕانی نەتەوەی کورد، خەڵکی کورد لە ئامانجەکانی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو ورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی، زیاتر و بە گوڕوتینتر دەکات. یادی شەهیدان سەرگورد عەبباسی و سەروان ئەحمەد چەڵەبی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیی بۆ هەمیشە لە دڵی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەمێنێتەوە و خەبات و بەرخودان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەردەوام دەبی.

درێژەی لاپەڕە ٤

قەزایی ئاڵمان بەوێری قازیەکان، سەرئەنجام لە دادگاییەکدا کە زەمان و کاتێکی زۆری برد هەزینەیەکی زۆریشی بۆ دەوڵەتی ئاڵمان هەبوو بەڵام ئاکامەکەی ئەوە بوو کە مۆری تیرۆریزم بە تەوێڵی ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئێسلامییەوە لە ڕەدەی هەرە سەرەوەی دا بنێ، ئورووپا هەڵویستی گرت، سەفیرەکانی کێشاوە هەرچەند ماوەیەکی زۆری نەکێشا ناردییانەوە بەڵام هەر ئەو هەڵویستە نمادینە ئاکامەکەی دوو شت بوو یەکەم ئەو وڵاتانەی ئورووپایی لە دوای ئەو حووکمەوە لە هەڵسووکەوتی خۆیان و پێوەندی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئێسلامیدا بە پارێزەوە ڕەفتار بکەن، دووهەم ماشیینی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا بوەستێ، ڕاستە ئاکامی ئەو دادگایە شەهیدەکانیان بۆ زیندوو نەکردینەوە، بەڵام نەیانهێشت بکوژەکان و فەرماندەرانی ئەو تیرۆرە بێ ئارەقە دەرچن، هەر لە ڕەوتی ئەو دادگایە و ئەو مەسائیلە کە مەترەح بوو لە ئاڵمان، لیستێك ئاشکرا بوو کە نێوی ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە وڵات تێدا بوو کە ئەوانە لە بەرنامەی تیرۆری کۆماری ئێسلامیدا بوون، بە ئاشکرابوونی ئەو لیستە یا لیستی دیکەی کە هەبوو بێ، ڕەنگە ئاشکراش نەبووبێ هەموو ئەوانەی لەو لیستەدا بوون دوای ئەو ڕووداوە درێژەدان بە ژیانیان بۆ دابین بوو و لەو مەترسیە ڕزگاریان بوو، واتە ئەگەر ئەوان بە واقێعبینییەوە سەیر بکەن ژیانی ئێستای خۆیان دەبێ مەدیونی خوێنی قوربانیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بڕیاری بەجێی دەزگای قەزایی ئاڵمان ببینن.

هاوڕێیان ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەیکە زۆر ڕێبەر و زۆر کەس و زۆر کەسایەتیمان لە حیزبەکەماندا بە دەست تیرۆریزمی کۆماری ئێسلامی گیانیان لە دەست داوە بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووە گیروگرفت وکەندولەندەی لە بەر بزووتنەوەکەمان لە سەر ڕێگای حیزبەکەمان پێکیان هێناوە ئێمە ئێستا سەر بەرزین، سەر بەرزین بەوەی کە ڕێگای ئەو ڕێبەرانەمان ڕێگای ئەو شەهیدانمان درێژە داوە و هەتا ئێرەمان هێنا، بەو تایبەتمەندییانەوە کە ئەوان مەبەستیان بوو کە ئەوان ڕێبازیان بوو و ئەوان ئێمەیان بەرەو ئەو ڕێبازە هان دا و ئەو ڕێبازەیان خستە بەرپێی ئێمە، دادگای میکۆنووس ڕێژیمێکی ڕسوا کرد بەڵام تیرۆریزم بنەبڕ نەبوو تەنانەت هی کۆماری ئێسلامیی ئێران. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکە هەمیشە بە کێشە بووە، هێندێ جاریش پڕ کێشە بووە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی، ئێستا پڕ کێشەتر و ئاڵۆزترە لە بەر ئەوەی کە تاقمێکی تیرۆریستی وەکوو داعش لە سووریە و عەراقدا یەکەتازەی دەکات و جنایەت دەخولقێنن هەر بۆیە ئێستە دەبینین یەکگرتنێك و ئێتلافێك لە دەیان دەوڵەت دروست بووە کە لە دژی داعش هەنگاو بنێن، ئەوە خۆی هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە بەڵام چۆن دەتوانێ سەرکەوێ، یەکەم بەردەوامیی و نەپساوەیی ئەو ئێتلافەیە، دووهەم مووتەمەرکز نەبوونی ئەو ئێتلافە لە سەر یەك تاقمی تیرۆریستییە. لە قاعیدە درا داعشی لێکەوتەوە، نوسرەی لێکەوتەوە، جەریانی تیرۆریستی دیکەی لێکەوتەوە بۆیە دەبێ ئێتلافەکە لە دژی تیرۆریزم بە عام بێ بە گشتی بێ و ئەگەر ئەوە بێ کۆماری ئێسلامی بە پێی هەموو ئۆسوولێك دەبێ هەدەف بێ بۆ ئەو ئێتلافە. بۆ؟ داعش چی کردووە کە کۆماری ئیسلامی نەیکردووە؟ تەجاوزی کردووە بە ژن بە کچ، کۆماری ئیسلامی تەجاوزی بە چەندەها کچ و ژنی کوردی لە زیندانەکاندا کرد، پاسدارەکەشی دەناردەوە ماڵی بابی کچەکە بچوو بڵێ زاواتانم. قەتل عام دەکات ئەگەر داعش لە مەحدوودەیەکی بەرتەسك بە نیسبەت هەموو دونیاوە لە سووریە و لە ئێراق کوشتار دەکات قەتل عام دەکات کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتەکەی خۆی و بە مەودای هەموو دونیا تەوتەئە و پیلان و تیرۆر و تەقاندنەوە دەکات ئەگەر داعش خەڵك ئاوارە دەکات کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لەو ئاوارانەی کە لە هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکان کەوتۆتەوە لە خودی ئێرانییەکان ئاوارە بەرەو هەندەران بوون. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا چەند هەزار زیندانی لە زیندانەکانی خۆیدا کە محاکمەی کردبوون کە حوکم درابوون لە بەرەبەری ئازادکردندا بوون ئێعدامی کردن بۆ؟ چوونکە باوەڕیان وەك کۆماری ئیسلامی نەبوو. ئەوەی داعش دەیکات هەر کەس ئەو باوەڕەی کە بۆخۆی بۆخۆی دروست کردووە نەبێ دەیکوژێ، لە کوردستاندا داعش قەتل عام دەکات، لە کوردستاندا کۆماری ئیسلامی چەندی قەتل عام کرد. مەلای ئاوایی لە پێش خەڵکەکەی بە قورئانەوە وەبەر تفەنگ دا ڕەنگە ئەگەر بڵێم داعش هەموو ئەو شتانەی دەیکات لە کۆماری ئیسلامی فێر بووە شتێکی زۆر زیاد و زیادە گۆییمان نەگوتوە کەوابوو پێکهاتەیەکی جیهانی کە دەیهەوێ لە دژی دیاردەیەکی دزێو خەبات بکات دەبێ لە دژی هەموو دیاردەکە بە گشتی خەبات بکات نەك موریدێك لە موریدەکان. لەگەڵ ئەلقاعیدە کرا تەواو نەبوو لەگەڵ داعشیش بکرێ ڕەنگە تەواو نەبێ بەڵام لەگەڵ تیرۆریزم بە گشتی بکرێ ئەگەر تەواو نەبێ ئەوەندە کز دەبێ کە ناتوانێ ئەو ڕەفتارانەی کە ئێستا دەیکات بیکات، کۆماری ئیسلامی وا نیشان دەدات یان هێندێك لایەن هەن دەیانهەوێ بڵێن هاتووە لە عێراق دژی داعش بە دژی تیرۆریزم شەڕ دەکات، هاوڕێیان کۆماری ئیسلامی دژی داعش شەڕ دەکات ئێستا لە هەر شکل و قەوارەیەك کە بۆخۆی بەناڕاست بیلێ یان خەلکی دیکە بە ڕاست بیلێن، بەڵام ئەو بۆیە لەگەڵ داعش شەڕ ناکات چونکە تیرۆریستە، لەگەڵ داعش بۆیە شەڕ دەکات چونکە بوونی داعش لەو وڵاتەدا یەکەم داعش بۆخۆی شتێکی بچووکە لە ناو شتێکی گەورەتری سوننەی ماف پێشێلکراوی عەرەبی عێراقیدا، دووهەم سوننییەکان کە لە ماف پێشێلکەری حکوومەتی ناوەندی خۆیان نارازین لە عەینی حاڵیشدا خوازیاری جیددی کۆتایی هێنان بە نفوز و دەخالەت و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین لە عێراقدا و کۆماری ئیسلامی دەزانێ سەرکەوتنی سوننییەکان ئێستا چ بە ناوی داعش یان بە ناوی سوننییەکان بەربەست دەبێ لەبەر ئەو نفوزەی کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی ئەو دخالەتەی کە لە عێراقدا دەیکات دەیهەوێ لە کەمێ نەدات و لە کزێ نەدات ئێستا لەو ئێتێلافەدا جێگای نەبۆتەوە بۆ؟ چوونکە لە پێش هەموویاندا ١٠ وڵاتی عەرەبی دەڵێن ئێمە لەگەڵ ڕژێمێك لە ئێتیلافدا نابین کە بۆخۆی مۆری تیرۆریزمی بە ناوچاوانەوەیە لە وڵاتانی هەموو ئێمەدا هەر گرووپێکی هاوفکر و هاوئایینی خۆی و هاوئایینزای خۆی هەبێ لە دژی وڵاتەکانماندا تەحریکیان دەکات، تیرۆریان پێ دەکات، تەخریبیان پێ دەکات، ئاژاوەیان پێ دەنێتەوە، ئامادە نین لەگەڵی لە بەرەیکدا بین ئێستا تەنانەت لەگەڵ ئەوەی پێشتر ئامریکا ڕایگەیاند لەوانەیە هێزە سەربازییەکانیان لە عێراق لەگەڵ فەرماندەکانی ئێرانی هاوکاری و هەماهەنگییەکیان هەبێ و ئێرانیش دەستووریدا بە فەرماندەکانی کە بیکەن بەڵام ئێستا کە تێدا نییە لە دژیەتی بۆ لەدژیەتی؟ چوونکە حزوری ئەو هێزانەی کە لەو ئێتیلافەوە دێن لە عێراق جێگیر دەبن ئەوا وەزعێك لەو عێراقەدا پێك دێت کە داعش نەمێنێ یان کز بێ سوننە موقعییەتێکی هەبێ کە وەك ئێستا ماف پێشێلکراو نەبێ کورد موقعییەتێکی هەبێ کە تا ئەو ڕادیە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە حیسابی هیچی بۆ نەکرێ و ئەوانە هەمووی دەست و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق ولە هەرێمی کوردستانیش تا ڕادەیەك کورت دەکاتەوە بۆیە پێوەی ناراحەت دەبێ ئەوەی ئەو شەڕی بۆ دەکات شەڕی تیرۆر نییە شەڕ بۆ مانەوەی نفوز و دەسەڵاتی خۆیەتی لە عێراقدا. لە کوێی ئەو دونیایە لە هەر قارەیەك چەند وڵاتێك هاواری ئەوەی لێ هەڵنەستابێ کە کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردووە، کە سەروەری پێشێل کردووە، تەقاندنەوەی کردووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێژیمێك کە بە چەکی خۆی بە پاسداری خۆی بۆ دیفاع لە دیکتاتۆرێکی وەك بەشار ئەسەد بە دەیان هەزار کەس خەڵکی ئەو وڵاتە دەکوژێ چۆن دەتوانێ لە دژی تیرۆر خەبات بکات ئێمە هیوادارین ئەو ئێتیلافە بەردەوام بێت و لە ڕەوتی کارەکانی خۆیدا بەرەو ئەوە بچێ کە دژی تیرۆر بە عام و تیرۆریست پەروەران بە گشتی لە ناوچەدا هەنگاو بنێ دەنا ڕەنگە لە دژی یەك گرووپی تیرۆریستی کە ڕەنگە کزی کات، بەڵام تیرۆریزم ڕیشەکێش ناکات. لەو موناسەبەتەدا ئیجازە بدەن بە ناوی هەموومانەوە سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی دکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووتری حیزبەکەمان قوربانیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و گیانی کاك فەتاحی عەبدولی، کاك هۆمایونی ئەردەڵان، کاك نوری دێهکوردی، بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان.

هیوادارین حیزبەکەمان، بزووتنەوەکەمان زامی بەم جۆرە هەڵنەگرێ، خوێنی بەو جۆرەی لەبەر نەڕوات و ئاکامی خەباتمان، سووربوون لە سەر ڕێبازی شەهیدانمان بمانگەیەنێتە ئەو جێگایەی کە ئاواتەکانی ئەوان بەدی بێنین و لە بەرانبەر ڕۆلەکانی نەتەوەی خۆماندا سەربەرز و سەرکەوتوو بین خۆش بن.

ڕۆژەڤ

## دڵشکانی ئەوانەی خەونیان بە سەربەخۆیی سکاتلەندەوە دەبینی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە سکاتلەند و ئاکامەکانی، ڕۆژەڤی زۆربەی میدیا ڕۆژئاواییەکان بووە. ماڵپەڕی "واشینگتۆن پۆست"، هەر دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامی ڕیفراندۆمەکە، وتارێکی لە ژێر ناوی "دڵشکانی ئەوانەی خەونیان بە سەربەخۆیی سکاتلەندەوە دەبینی" بڵاو کردەوە کە تێیدا زیاتر تەرکیزی خستووەتە سەر ڕوانگەی سەربەخۆییخوازان لەو پێوەندییەدا.

لە سەرەتادا هاتووە: "خەونی درێژخایەتی لیز کووین بۆ سەربەخۆیی تەواوی سکاتلەند لە سەرلەبەیانیی هەینیدا تووشی شڵەژان بوو، کاتێك سکاتلەندییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەنگیان دا بە مانەوە لە نێو پاشایەتیی یەکگرتوودا.

کووین، بەرپرسێکی خانەنشینکراوی قوتابخانە کە ٧٥ ساڵیەتی و چەندین دەیە بۆ سەربەخۆیی خەباتی کردووە، وتی: ئەوە هێشتا دەکرێ ڕوو بدات، بەڵام نەك لە تەمەنی مندا".

لە درێژەدا هاتووە: "هەڵکردن لەگەڵ مەودایەکی بچووك و نەك زۆر بۆ سەرکەوتن، ، ئەو ناسیۆنالیستانە لە قووڵایی دڵەوە زویر دەکات کە ژیانیان ـ و بەتایبەت چەند مانگی ڕابردووی ژیانیان ـ بۆ ئامانجێك تەرخان کردووە کە لە شەوێکدا بووە بڵقی سەرئاو.

گلاسکۆ گەورەترین شاری سکاتلەندە و دەنگی "ئەرێ"ی بە سەربەخۆیی دا. ناوەندی شارەکە بە درێژایی شەو تا ئەوەی ڕوون بووەوە کە کەمپی "نا" بەگشتی لایەنە سەرکەوتووەکە دەبێ، هەر دەنگی مۆسیقی ڕاك و هۆڕنی ماشینی لێ دەبسترا.

ئەم جارە، وەزیری یەکەمی سکاتلەند، ئالێکس سالمۆند سەرلەبەیانیی هەینی وەکوو سەرۆك وەزیرانی چاوەڕێ لە خەو ڕانەبوو، بەڵکوو لە جیاتی ئەوە لە سوخەنرانییەکی خەماوی لە ئێدینبۆرگدا، شکستی قبووڵ کرد و داوای لە هەموو سکاتەکان کرد کە ئاکامە قبووڵ بکەن. دواتر تویتی کرد: "با زۆر باسی ئەو مەودا نەکەین کە نەمانتوانی بیبڕین، با باسی ئەو مەودا بکەین کە بڕیومانە".

وتارەکە دواتر بە وردی باسی سەرهەڵدانی پارتی ناسیۆنالیستی سکاتلەند (SNP) و گرینگبوونی لە دەیەی ٧٠ پاش دۆزینەوەی چاڵە نەوتییەکانی کەنارەکانی سکاتلەند و قۆناخەکانی دواتری دەکات.

"کووین، ئەو ژنە چالاکەی کە لە ٢٠١١ەوە ماڵ بە ماڵی گلاسکۆی لێداوە کە بانگەشە بۆ سەربەخۆیی بکات، پێی وانییە خەونەکە لەدەست چووە، بەڵکوو تەنیا وەدوا کەوتووە. ئەو وتی: خەڵکی لاو ئێستا ئامووزش دەدرێن، هیچ خەمساردییەك نەماوە. ئەمە کۆتایی نییە".

لە یەکێك لە وتارەکانی ماڵپەڕی "تێلێگراف"ی بریتانی ـ کە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی بە ئاراستەی لایەنگری لە یەکیەتیخوازان بووە ـ لە ژێر ناوی "چۆن کەمپی نا یەکیەتی پاراست"، بە قەڵەمی جان لەورێنز، هاتووە: "تەرکیزی ئارگۆمێنتەکانیان کەمپی نا لە سەرەتادا لەسەر ڕیسکە ئابووری و ماڵییەکانی سەربەخۆیی بوو....ئەوە تەنیا لە دوایین قۆناخەکانی کەمپەینەکەدا بوو کە سیاسەتڤانانی وێستمینێستێر دەستیان کرد بە پێشکەشکردنی کەیسی هاندەرانە بۆ یەکگرتوویی ـ هەم دەیوید کامێرۆن و هەم گۆردۆن براون لە ڕۆژانی نزیکەو ڕیفراندۆمەکە بە خرۆشەوە لە پاشایەت دەدوان".

سەرچاوە:

The Washingtonpost.com & The Telegraph

# کارەساتی میکۆنۆس، لە پێناوی تێپەڕین لە قەیران

سەلام ئیسماعیلپوور

٢٢ ساڵە کە ناوی میکۆنۆس لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرێ دراوە. کارەساتی تیرۆریستیی میکۆنۆس خاڵێکی گرینگ لە سیاسەتی "هەناردەکردنی شۆڕش" و لە ڕاستیدا "هەناردەکردنی توندوتیژی" لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئایینیی ئێرانەوە لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەمی زایینیدا بوو کە پێوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ بوومەلەرزەی سیاسیی کۆتایی شەڕی سارد و دوورەدیمەنی ناڕوون و تۆقێنەری داهاتوو بۆ کۆماری ئیسلامی هەبوو.

ئەم کارەساتە لە هەلومەرجێکدا ڕووی دا کە هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆسیالیزم و ڕاگەیاندنی دۆکترینی "نەزمی نوێی جیهانی بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا" لە لایەن جۆرج بووشی یەکەمەوە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی خستبووە نێو گێژاوی قەیران و ئاڵۆزییەکی سیاسیی قووڵ. شەڕی ئازادکردنی کوەیت و پێکهێنانی "ناوچەی دژەفڕین" لە باکووری هێڵی ٣٦ دەرەجە لە کوردستانی باشوور، ناوەندێکی گەشە و هەلێکی پەرەسەندنی تازەی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ڕەخساندبوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕێبەرایەتیی ئاوەزمەندانەی دوکتور سادق شەرەفکەندی توانیبووی کە بە سەر قەیرانی لە دەستدانی ڕێبەری بلیمەت و هەڵکەوتووی وەك دوکتور قاسملوودا زاڵ بێت و لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماتیك، سەربازی و ڕێکخستندا ناوچەی کارتێکەری و دەسترۆیشتوویی خۆی زیاتر لە جاران پەرە پێبدات.

لە بواری سیاسی و دیپلۆماتیکەوە، حیزب توانیبووی هەم لە ئاستی کوردستانی ئێراندا ببێتە تاقە هێزی گۆڕەپانی خەباتی چەکداری و هەم بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی لەگەڵ هێندێك لە حیزبەکان و باشترکردنی پێوەندییەکانی لە گەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستانی باشوور، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاڵوگۆڕەکان و پێوەندییە سیاسییەکان لەم بەشە ئازادکراوەی کوردستاندا هەبێت.

لە نێو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا حیزبی دێموکرات بەپێی دانپێدانانی هەموان و لە ڕاستیدا بە مەودایەکی زۆر لە پێش هەموو هێز و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەوە، ڕۆڵی پێشەنگایەتیی دەگێڕا و لێهاتوویی دوکتور شەرەفکەندی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی سەرەکیی حیزبی لە ڕێکخستن و یەکخستنی نەیارانی سیاسیی ڕێژیمدا، کە بە هۆی مودیرییەت و ڕێبەریی دوکتور قاسملوو ببووە یەکێك لە تایبەتمەندییە حاشاهەڵنەگرەکانی حیزب، بە شێوەیەکی بەرچاوتر ئاشکرا دەکرد.

لە ڕووی سەربازییەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای تێپەڕبوونی ٤ ساڵ بە سەر کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق و کۆبوونەوەی زیاتری هێزەکانی ڕێژیم لە بەرەکانی شەڕی کوردستاندا، هەیمەنەی سەربازیی خۆی لە باکوور تا باشووری کوردستانی ئێران، بەرفراوان کردبوو و ئاماری کوژراوەکانی ڕێژیم لە شەڕ بەرانبەر بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێندێك لە بەرەکاندا تەنانەت ڕەوتێکی ڕوو لە زیادبوونی نیشان دەدا و ئامادەیی و شارەزابوونی پێشمەرگەکانی حیزب لە تاکتیکەکانی شەڕ و ئاشنابوونیان بە توانایییەکانی خۆیان و لاوازییەکانی دوژمن، کۆماری ئیسلامیی لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتدا خستبووە پێگەیەکی لاوازەوە، بە جۆرێك کە تۆقین لە بەرەوڕووبوونەوەی پێشمەرگەکانی دێموکرات لە نێو بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمدا ببووە دیاردەیەکی گشتگیری ئاسایی.

ئەم ڕەوتە بە پێچەوانەی دۆخی قەیراناویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای شکست لە شەڕی ٨ ساڵەدا و تەشەنەکردنی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لەوانە لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا و هەروەها دابەزینی هێز و توانای چالاکی و بەرتەسکبوونەوەی بەرینایی خەباتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە یەك لە دوای یەك بە هۆی گوشارە سیاسی و ئەمنییەتییەکان و سەرکوتەکانی ڕێژیمەوە بەرەو تەریككەوتنەوەی هەرچی زیاتر ڕۆیشتبوون.

بەمپێیە، هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و هەستکردنی کۆماری ئیسلامی بە مەترسییەکی قووڵ لە لایەن دوژمنانی دەرەکیی وەك ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە (کە وادیار بوو ئێستا لە پێگەی هێزدان و نەزمی جیهانیی داهاتوو لە ژێر کاریگەریی هێژموونی ئەواندا دادەڕێژرێتەوە) وەك هەمیشە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سەرەکیی سیاسەتی ڕێژیمی بەو دەرەنجامە گەیاند کە ئەگەر بتوانن تۆکمەیی و هێزی نەیارانی نێوخۆیی و هێزە سەرەکییەکانی نێو ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران تێك بدەن، دەتوانن دواتر بە دانی باج و پوانی جۆراوجۆر بە هێزە دەرەکییەکان ئەم قۆناغە قەیراناوییە تێپەڕ بکەن.

بەم جۆرە بوو کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو داینەمۆ و بزوێنەری بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسیی نەیاری ڕێژیم و گەورەترین هەڕەشە لە نێو هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا دژ بە ڕێژیم، دیاری کرا و تیمەکانی ئامادەکاری، پشتیوانی و بەڕێوەبردنی تیرۆر، ئەرکی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکیان لە ژێر ناوی نهێنیی "فریاد بزرگ علوی" بە واتای "هاواری تووڕەیی خامنەیی" لە ئەستۆ گرت. هەڵبژاردنی وەها ناوێکی نهێنی بۆ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، لە خودی خۆیدا دەربڕی گرینگیی جێگە و پێگەی ئەوان و تووڕەیی و ڕق و ترسی پەنگخواردووی ڕێبەری ڕێژیم لە حیزبی دێموکرات و دوکتور شەرەفکەندیی نەمر بوو. دواتر و لە ڕەوتی تاوتوێکردنی دۆسیەی تیرۆردا بوو کە بە وتەی پەرویز دەستمالچی، یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ڕووداوی تیرۆر، کردنەوەی کۆدی ناوی ئەم عەمەلیاتە، یەکێك لەو هۆکارانە بوو کە ڕۆڵی ڕێبەرانی ڕێژیمی لە تیرۆرەکەدا ئاشکرا کرد و بۆ دادگای ڕوون کردەوە کە بکوژەکان تەنیا کەسانێکی سەرەڕۆ و سەرپێچیکاری نێو دامودەزگاکانی ڕێژیم نەبوون، بەڵکوو هەڵگری ڕق و دەربڕی هاواری تووڕەیی و گرێ دەروونییەکانی ڕێبەر و ڕێژیمەکەیان بوون و بەم چەشنە بوو کە دوکتور شەرەفکەندی بە مەرگی خوێناویی خۆی دەمامکی دووڕوویی لەسەر ڕووخساری تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپادا هەڵدایەوە و بە وەستاندنی دەزگای کوشتوبڕی نەیاران و جیابیرانی کورد و ئێرانی لە ئورووپا و ئەمریکا، تامی شکست و ڕیسواییەکی گەورەی بە کۆماری ئیسلامی چێژاند و بۆ ئەو ئازادیخوازانەی کە لە لافاوی کاولکەری خوێنڕشتنەکان ڕزگاریان ببوو، ئاسایش و متمانە و ژیانی گەڕاندەوە.

شەرەفکەندی نەك هەر لە ژیانی خۆیدا ڕێبەرێکی ئازادیخواز، خەباتگێڕێکی ڕاستەقینە و ڕووناکبیرێکی دەروەست و باوەڕمەند بە ئارمانجی ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو، بەڵکوو گیانبەختکردنی ئەویش مەرگێکی شیاوی قارەمانێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕێکی فیداکار بوو. ئەو تەنانەت لە پاش مەرگی خۆی کۆشکی ستەمی پیاوکوژان و تاوانکارانی دەسەڵاتداری تارانی وە لەرزە هێنا، بە جۆرێك کە هەنووکەش خامنەیی و بەرپرسانی سەرەوەی ڕێژیم لە وەبیرهێنانەوەی بیرەوەری و ناوی شەرەفکەندی و دادگای میکۆنۆس دەتۆقن و بە یەکێك لە مەزنترین کێشەکانی خۆیان پاش شەڕی کاولکەرانە و پڕشوورەیی ٨ ساڵەی دەزانن.



# مستەفا هیجری: ڕێژیمی ئێران ه

**بڵاڤۆکی فارسی زمانی "نا بۆ ئیعدام" سەر بە کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژ بە ئیعدام لە ژمارەی ٤ی خۆیدا وتووێژێکی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.**

**لێرەدا سەرنجتان بۆ دەقی تەواوی وەرگێڕاوی کوردیی ئەم وتووێژە ڕادەکێشین:**

**نا بۆ ئیعدام: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاو بوونەتەوە، داعش لە لایەن ئەمریکاوە بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراوە. ڕوانگەی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت کە ئەمریکا دەیهەوێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە دابەش بکاتەوە، گرووپێکی تاوانباری وەك داعش ناتوانێ ئامرازێك بێت بۆ ئەو مەبەستەی کە بەستێنی ئەم دابەشکردنە بە دڵخوازی ئەمریکا ئامادە بکات، بە تایبەتی کە دوژمنی ئاشتی هەڵنەگری داعش، ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و شیعەکانن. داعش هەروەك ڕایگەیاندووە و بە کردەوەش هەنگاوی شوێندانەری هەڵگرتووە، لە هەوڵی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی ـ بەپێی پێناسەی خۆیان لە ئیسلام ـ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و لەم پێوەندییەشدا تا ئێستا توانیویە ناوچەیەکی بەربڵاوی پێکهاتوو لە چەندین پارێزگای سوننەنشینی عێراق بلکێنێت بە هێندێك ناوچەی سووریەوە و هەنووکەش بە مەبەستی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی خەلافەتی خۆی لە عێراق و سووریە دەستی داوەتە شەڕ و لە لوبنانیش بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێك کردەوەی ئەنجام داوە. ئەم شێوازە لە داگیرکردنی وڵاتان و پێکهێنانی خەلافەتی ئیسلامیی ڕادیکال کە دوژمنی ئەمریکایە، ناتوانێ هاوئاراستەی ئامانجەکانی ئەمریکا بە مەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

**نا بۆ ئیعدام: ئەمریکا هێرشە ئاسمانییەکانی دژ بە داعش لە عێراقدا دەست پێ کردووە. پێکهێنانی ئەم بارودۆخە چ بەرژەوەندییەکی بۆ ئەمریکا بە دواوەیە؟ دیوی پشتەوەی ئەم ڕووداوانە چییە؟**

**مستەفا هیجری:** هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی زۆریان لە ڕزگارکردنی ئەو دەڤەرانەدا هەبووە کە لە دوای پاشەکشەی پێشمەرگەکانی کوردستان کەوتبووە ژێر دەستی داعش و ئەمە دەتوانێ بۆ ئەمریکا لانیکەم ئەم بەرژەوەندییانەی تێدا بێت:

ـ لە کاتی پاشەکشەی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسێن، ئەمریکا پێی خۆشبوو کە ژمارەیەك لە هێزە سەربازییەکانی خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە، بەڵام حکوومەتی عێراق لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێگەی بە ئەمریکاییەکان نەدا، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق لە ڕووی پێویستییەوە ئەم ئامادەبوونەی بە شێوەیەك قبووڵ کردووە.

ـ داعش هەوڵی دا هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەت و پەرەسەندنی ئازادییەوە خەریکە بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە حکوومەتێکی دێموکراتیك کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا هاوئاراستەیە، بەم پێیە ئەمریکا بەم یارمەتییە سەربازییانە یەکێك لەحکوومەتەکانی دۆستی خۆی لە مەترسیی ڕووخان ڕزگار کردووە.

ـ ئەمریکا لە ناوچەی خودموختاری کوردستان خاوەنی کونسوولخانە و ناوەندەکانی بازرگانی و ... بوو کە بە ئەنجامدانی ئەو کردەوانە، ئەوانەی لە مەترسیی داعش ڕزگار کرد و بە بۆچوونی من گرینگتر لەوانە ئەوەیە کە بۆ جارێکی دیکە هێز و توانای سیاسی و سەربازیی خۆی لە پاراستنی دۆستانی و ڕۆڵی شوێندانەری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کردەوە سەلماند.

**نا بۆ ئێعدام: لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەمە دووپاتبوونەوەی مێژوو نیە؟ هەر ئەوەی کە ساڵی ٥٧ لە خەڵکی ئێران قەوما، سێ دەیە پێشتر داعشیان بە سەر ئێراندا زاڵ کرد و ئەمڕۆ دەیانهەوێ هەمان سیناریۆ لە سووریە و عێراق دووبارە بکەنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بە بۆچوونی من کاتی ئەوە هاتووە کە ئێرانییەکان خۆیان لە دەستی "وەهمی پیلان" کە دەیان ساڵە بۆتە بەشێك لە فەرهەنگی ئەم خەڵکە، ڕزگار بکەن و هەر دیاردە و ڕووداوێکی نەخوازراو نەخەنە ئەستۆی ئەمریکا و ...، تەنیا بۆ ئەوەی کە بسەلمێنن خۆیان هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە و بەم شێوەیە بە تێگەیشتوویی و بیرمەندیی خۆیانەوە شانازی بکەن. ئەگەر پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ داعشێك بە سەر ئێراندا زاڵ بوو، ئەوە خودی ئێرانییەکان بوون کە هەموو بەستێنە هزری و سەربازییەکانیان بۆی ئامادە کرد، ئێرانییەکان بوون کە وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەدیتەوە و لە ئاکامدا هەنووکە نزیك بە ٣٦ ساڵە کە باجی ئەم هەڵەیە دەدەن و هێشتا ڕوون نیە کە تا چ ساتێك دەبێ ئەم باجە بدەن و پاش تێپەڕینی سێ دەیەش هێشتا ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ناڕازی لەم ڕێژیمە بە هیچ کوێیەك نەگەیشتوون و هەر کامەیان بۆ لۆمەکردنی ئەم ڕێژیمە قارەمانێکن، بەڵام بە کردەوە نەیانتوانیوە هیچ ڕێکخستنێك پێك بهێنن.

سەیری عێراق بکەن، دوابەدوای ڕووخانی سەدام، خەڵکی کورد توانیان سەرەڕای هەموو لەمپەرەکانی سەر ڕێگەیان، لە نێو وڵاتێکی خاپوورکراودا دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی خۆجێیی دابمەزرێنن و بچنە نێو پرۆسەی دێموکراسییەوە و لە عێراقێکدا کە بۆتە دۆزەخی خەڵکەکەی، نان و کار و ئازادی دابین بکەن، لە کاتێکدا کە ناوچەکانی دیکەی عێراق لە نێو ئاگری بیرتەسکی و نەزانکاری و دەمارگرژیی تائیفی و ئایینیدا دەسووتێن، لە ئەنجامدا داعشەکانی ئێران و عێراق بەستێنێکی لەباریان بۆ گەشە و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ دەڕەخسێت. بەم پێیە باشتر وایە کە بە خۆماندا بچینەوە و بزانین کە ئەوەی هەمانە، بە باش و خراپەوە، بەرهەمی هزر و تێگەیشتنی خۆمانە نەك کەسانی دیکە.

**نا بۆ ئێعدام: دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە عێراق و سووریە چۆنن و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

**مستەفا هیجری:** لە ڕیزی ئاڵوگۆڕەکانی عێراقدا دەتوانین ئاماژە بە بابەتی داعش بکەین کە ئەگەرچی هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە لە خۆبردوویی ڕۆژانەوە ئەم بەڵایە لە وڵاتی خۆیان دوور دەخەنەوە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بەرگرییەکی ئەوتۆ لە بەرانبەر خۆیاندا نابینن، هەربۆیە خەریکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوانتر دەکەن، لە سوپای عێراقدا هەستی نیشتمانپەروەری بۆ بەرگری لە نیشتمان، گەیشتۆتە کەمترین ئاستی خۆی و پێرسۆنێلی سوپا هەر کامەیان سەر بە گرووپێك، ئایینزایەك و خێڵێکن و خاوەنی نەزمی سوپایەکی یەکگرتوو و تەکووزمەند نین، هەربۆیە لەو باوەڕەدام کە ئاژاوەی داعش بەم زووانە لە عێراقدا کۆتایی نایەت، هەر چەند کە ئێستا هەموان

# ۆکاری هاتنی شەڕی داعش بەرەو کوردستان بوو



چاویان بڕیوەتە حکوومەتی داهاتوو کە بڕیارە بەڕێز عیبادی، سەرۆك وەزیرانی نوێ پێکی بهێنێت کە چۆنیەتییەکەی ناڕوونــە و هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نیە کە لەم ئیمامزادەیەش موعجیزەیەك ڕوو بدات، بە تایبەتی لــە بیرمان نەچێت کــە دەستڕۆیشــتوویی یەکلاییکەری کۆماری ئیســلامیی ئێران لە عێراقدا گەورەتریــن کۆســپی ســەر ڕێگای ســەقامگیری و جێگیربوون و هێمنی لەم وڵاتەدایە، چوونکە بەرژەوندییەکانی ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی نانەوەی شەڕی نێوخۆیی و نائەمنــی و دووبەرەکییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێدا دابین دەبێت و ئەگەر ڕۆژێك لــە عێراقــدا یەکگرتوویی و هێمنی پێك بێت، کۆماری ئیســلامی دەبــێ لەو وڵاتــە بچێتــە دەرەوە. لە ســووریەش کە بارودۆخەکە نالەبارترە و هەنووکە داعش لە پێشڕەویدایە.

**نا بــۆ ئیعدام: دوابەدوای هێرشــی داعــش بــۆ عێــراق و داگیرکرانــی مووسڵ و هەروەها پاشەکشەی سوپای عێراق لە شــاری مووسڵ و کەرکووك، پێشــمەرگەکانی کوردســتان توانیان کەرکووك بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و سنوورەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم پێشهاتانە بوون بە هۆی ئەوەی کە**

**داعش و تاقمە تیرۆریستی و دژی گەلییەکانی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شوێنانەدا کە سەقامگیری و هێمنی و ئازادی نیە، دەسەڵات پەیدا دەکەن**

**باسی ســەربەخۆیی کوردستان لە نێو هێزەکانی مەســعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا بێتە ئــاراوە. تا چ ڕادەیەك هەلومەرج بۆ ســەربەخۆیی کوردستان لەبــارە؟ خەڵــك چ ئالتەرناتیڤێکیان بۆ ژیانی باشتر هەیە؟ هەڵوێستی ئێوە لەم پێوەندییەدا چیە؟**

**مستەفا هیجری:** نزیك بە بیست ساڵ لە پێکهێنانی هەرێمی کوردستان تێپەڕ دەبێــت، ئەم حکوومەتە بەردەوام هەوڵی داوە بە ســەرنجدان بە یاسای بنەڕەتیی وڵات، کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا چارەســەر بکات، بەڵام لە تەواوی ئەم ماوەیــەدا حکوومەتی بەغدا لە هەوڵی کارشــکێنی، نانەوەی ئاســتەنگ و بەربەســت بۆ ئەم حکوومەتــەدا بووە. لــە دوایین هەوڵــی لەم چەشــنەدا، بوودجەی یاسایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە سەرەتای ساڵی زایینیەوە بڕیوە و بەم شــێوەیە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆری بۆ کوردستان پێك هێناوە.

ئەوەندەی من ئاگادار بم، هەنووکەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر مافە یاســاییەکانی ڕەچــاو بکرێن و دەوڵەتی بەغدا سیاسەتی دوورکەوتنەوە بەرانبەر بە کوردســتان بەڕێوە نەبات، وەك چــۆن لەگەڵ عەرەبە ســوننەکان هەڵســوکەوتی کردووە، ئەوان بە دوای مانــەوە لــە چوارچێوەی عێــراق و هــاوکاری لەگەڵ بەغــدادان. ئەگەر کــوردەکان خوازیاری ســەربەخۆیین، ئــەوە ڕێگایەکە کە بەغــدا لە ماوەی دوو دەیەدا خســتوویەتییە بەردەمیان. هەربۆیە مــن پێم وایە ئەگەر وا بڕواتە پێش، کوردەکان پێداگریی زیاتر لەسەر ســەربەخۆیی خۆیان دەکەنەوە، ئەوەی کــە ئەم داخوازە چــۆن دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، باســێکی تێر و تەسەل هەڵ دەگرێت.

**نا بۆ ئیعدام: دوابەدوای داگیرکرانی مووســڵ لە لایــەن داعشــەوە بەرەی شــەڕ ڕوو لە بەغدا بوو، بەڵام هەروەك ئاگادارن داعش بەرەی خۆی گۆڕی و هێرشەکانی بەرەو کوردستان دەست پێ کرد و زۆرترین هێرشی بۆ سەر شەنگال و مەخمــوور کــرد و کوشــتوبڕێکی بێبەزەییانەی لەو دەڤەرانە بەڕێوە برد. هۆکاری ئەم گۆڕینی هەڵوێستە چی بوو؟**

**مســتەفا هیجــری:** گۆڕینــی هەڵوێستی داعش و گۆڕینی ڕێڕەوی هێرشــەکانی بەرەو کوردستان کێشەی زۆری بــۆ حکوومەتی هەرێم و هەموو خەڵکــی کوردســتان نایــەوە، بەڵام لە بەرانبــەردا کــوردەکان توانیان لەو بارودۆخەی کــە هاتبووە پێش، کەڵکی بــاش وەربگرن. لە لایەکەوە ســەرنج و پاڵپشتیی جیهان بە تایبەتی ڕۆژئاوایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و لەم پێوەندییەدا توانیان چەکوچۆڵێکی پێشــکەوتووی زۆر وەربگــرن و بابەتــی کــورد و خۆڕاگرییەکەی لە بەرانبەر داعشــدا بکەنە مانشێتی هەواڵەکانی جیهان، لە لایەکی دیکەوە یەکگرتوویەکی بێوێنە لە نێو نەتەوەی کورد لە سەرانســەری جیهــان و لە هــەر چــوار پارچەی کوردســتاندا پێــك هات، بــە جۆرێك کــە هێــزە چەکدارەکانــی کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردســتان بە حەز و تامەزرۆییەکی زۆرەوە شانبەشــانی پێشــمەرگەکانی کوردستانی عێراق لە بەرەکانی شەڕ دژ بە داعشدا بەشدارییان کرد.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ کوردستان بە بۆچوونی من، کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی کاریگەری گێــڕا، چوونکە کۆماری ئیســلامی بەپێی زانیارییە باوەڕپێکراوەکان، سەدان کەس لە دەســتوپێوەندییەکانی خۆی لە نێو هێزەکانی داعشــدا جێگیر کردووە. ئەم دەســتوپێوەندییانە لــە گۆڕینی ڕێڕەوی هێرشی داعشدا بەرەو کوردستان شوێندانەر بوون، ئامانجی ڕێژیم لەم کارە تەمێکردنی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی بارزانی بوو کە وەکوو سەرۆکی هەرێم زیاتر لە هەموو کەسێك پرسی سەربەخۆیی کوردستانی دەهێنایە گۆڕێ و بەرجەســتەی دەکردەوە و لە لایەکی دیکەوە ئەو پێوەندییە باشــەی کە هەرێمی کوردســتان لەگەڵ تورکیە و ڕۆژئاوا پێکی هێناوە، هیچکامیان لە ڕاستای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانــدا نین، بە تایبەتــی ئەم ڕێژیمە لە ســەربەخۆیی کوردســتانی عێراق زۆر تۆقیبــوو و هەمووومــان دەزانین کــە دەســەڵاتدارانی ڕێژیمــی ئێران هەر کامەیــان بە جۆرێــك دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ســەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاندووە و یەکێــك لە جێگرەکانی وەزارەتــی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە ئەگەر هەرێمی کوردســتان درێژە بەو ڕەوتە بدات، پەشــیمان دەبێتەوە کە ئەوە بۆ خۆی هەڕەشەیەکی ئاشکرا بوو.

**نا بۆ ئیعدام: لە کوردستانی سووریە داعش هێرشــێکی بەربڵاوی دەست پێ کردووە و لە شــاری کووبانی زۆرترین تێکهەڵچــوون لە نێوان داعش و خەڵکدا هەبــووە. هاوکات، ئەو تێکهەڵچوونە لە شنگالیش هەبووە و خەڵکێکی زۆر لەو دەڤەرانە لە ســێدارە دراون یان لە کاتی هەڵاتندا بە هۆی برســێتی و تینوێتی گیانیان لە دەســت داوە. چ پێوەندییەك لە نێوان هێرشی داعش بۆ سەر شنگال و کووبانی هەبووە و بە باوەڕی ئێوە ئایا ئەم بابەتە سیناریۆیەکی لە پشتە؟**

**مستەفا هیجری:** بۆ داعش گرینگ ئەوەیە کە ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی خــۆی پێکەوە بلکێنێت و بەم شــێوەیە سنووورە هەنووکەییەکان پووچەڵ بکاتەوە تاکوو بەم شــێوەیە لە ڕەوتی هاتوچۆ و گواســتنەوەی هێزەکانــی خۆیاندا بتوانن بەبێ هیچ کۆسپ و بەربەستێك چالاکی بکەن، داگیرکردنی مووســڵ لــە عێراق ئــەو ئامانجەی داعشــی دەســتەبەر کــرد. شــەڕی داعش لە کووبانی لە خاکی کوردستانی سووریە و شــەنگال بەشێك لەم ئیســتراتژییە ســەربازییە و لە پێناوی بەرینترکردنی ڕێگاکانی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی سووریەدایە. بەشــێکی دیکەی پرسی هێرش بۆ ســەر شــنگال و ناوچەکانی دیکــەی کوردســتانی عێــراق وەك ئاماژەمان پێ کرد، دەبێ لە ڕاســتای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا ببینین.

**نا بۆ ئیعدام: هەروەك ئاگادارن، هێزە ئیسلامییەکانی ناسراو بە داعش، ژنانی ئیزەدی و مەسیحییان وەکوو دەستکەوتی شەڕ لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ فرۆشتن. هەڵوێستی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟**

**مســتەفا هیجــری:** شــێوازی هەڵســوکەوتی دڕندانــەی هێزەکانی داعش لەگــەڵ ناموســڵمانەکان، بە تایبەتی ژنــان و منداڵان لە ڕوانگەی ئێمەوە مەحکوومە و ئێمە لەم پێوەندییەدا بــە دەرکردنی بەیاننامــەی فەرمیی دەفتەری سیاسیی حیزب شەرمەزارمان کردووە.

**نا بۆ ئیعــدام: بــۆ ڕزگاربوون لە دەستی هێزە ئیسلامییەکان و بە تایبەتی داعش، خەڵك دەبــێ چ بکەن؟ گەلۆ ئەم لایەنانە بە هۆی هێرش و پێکدادانە سەربازییەکانەوە لە نێو دەچن یان دەبێ کردەوەی دیکە ئەنجام بدرێت؟**

**مستەفا هیجری:** هێرشە سەربازییەکان دژ بــە هێزەکانی داعش و لاوازکردنیان لەم ڕێگەیەوە پێویستە، بەڵام بەس نیە، بەڵکوو دەبێ لە تەنیشت ئەم هێرشانەدا دەسەڵاتە خەڵکتەوەر و دێموکراتیکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێك بهێنرێن تاکــوو هێزی داعش و هــەر هێزێکی دژی گەلیــی دیکــە نەتوانــێ لــە کەشــی خولقاو بە هۆی ناڕازیبوونی خەڵك و ســەرکوتیان لە لایەن دەسەڵاتە ســەرەڕۆکانەوە کەڵــکاژۆ وەربگرێت، وەك چۆن لە ســەرەتادا خەڵکی سوننە مەزهەبی عێراق پێشــوازییان لە هاتنی هێزەکانی داعش دەکرد بە هیوای ئەوەی کە لە ستەمی حکوومەتی دیکتاتۆریی مالکی کە سوننەکانی پەراوێز خستبوو، ڕزگاریــان بێت. بە کــردەوەش دەبینین کــە داعــش و تاقمە تیرۆریســتی و دژی گەلییەکانی دیکــە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شوێنانەدا کە ســەقامگیری و هێمنی و ئازادی نیە، دەسەڵات پەیدا دەکەن.

خەڵــك ئەگــەر ئــازاد بــن و لە دیاریکردنی چارەنووســی وڵاتەکەیاندا بەشدار بکرێن تاکوو وڵات ببێتە موڵکی هەمــوو تاکەکانی خەڵــك و خەڵکیش خۆیان بە خاوەنی وڵات بزانن نەك هەر بەستێنێك بۆ داعشــەکان پێك نایەت، بەڵکــوو تەواوی خەڵك لــە وڵات وەك ماڵی خۆیان بەرگری دەکەن.

**نا بۆ ئێعدام: ئەرکــی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرانبەر دۆخێکدا کە لە عێراق و سووریە هاتۆتە پێش، دەبێ چ بێت و لەم پێوەندییەدا چ بکات؟**

**مستەفا هیجری:** ئەرکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیــی بە تایبەتــی ڕۆژئاوا بە باوەڕی مــن ئەوەیە کە لــە ئەگەری ناسەقامگیریدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت کە ناوەندی بەرهەمهێنانی ئەم جــۆرە تاقمانــەن، هەتــا زووترە یارمەتیی هێزە دێموکراتەکان بدەن تاکوو پێــش بەهێزبوونی ئەم تاقمانە بتوانن لە نێویان ببەن. ئەگەر لە سووریە ڕۆژئاوا لە کاتی خۆیدا کردەوەی خۆی نواندبا، نە بەشار ئەسەد دەیتوانی بە تاقی تەنیا ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا تاو بدات و درێژە بە کوشتو بڕ و کاولکاری بدات و نە هێزەکانــی وەك داعش، کۆماری ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە دەیانتوانی لەم وڵاتەدا بەهێز ببن و بمێننەوە.




# خولیای ١ی ڕەزبەر و خستنەڕووی چەند پارادۆکس

حەسەن ساڵح زادە

هەروەك چۆن یەکەم ڕۆژی نەورۆز بە نیشانەی سەرەتای ساڵی نوێ و بووژانەوەی سروشت ناسراوە، یەکەم ڕۆژی پاییزی وڵاتی ئێرانیش هێمای جموجۆڵی قوتابی و خوێندکارانە بۆ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن. ١ی ڕەزبەر ڕۆژی خرۆشانی شار و گوندەکانی ئێرانە بەرەو قوتابخانە و پرسی خوێندن پاش سێ مانگ پشوو، جارێکی دیکە وەگەڕ دەکەوێتەوە. جیا لەوەی کە چ ڕێژەیەك لە منداڵان ڕاستەوخۆ دەچنە قوتابخانە و ڕێگەی خوێندن وەبەردەگرن، زۆربەی نێزیك بە تەواوی خەڵکی کۆمەڵگاش بەجۆرێك پێوەندی شوێن دانەریان بە پرسی خوێندن و قوتابخانەوە هەیە. ڕاستە لە ئێراندا منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٨ ساڵ دەچنە قوتابخانە، بەڵام نابێ لە ڕۆڵی دایك و باب، دایەگەورە و باوەگەورەکان، خوشك و برا، خاڵ، پوور، مام و ...چاوپۆشی بکەین. بە گشتی یەکی ڕەزبەر بووژێنەرەوەی یاد و بیرەوەری تێکڕای ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژانێك لە قوتابخانە ماونەتەوە و کۆمەڵێك بیرەوەری تاڵ یان شیرینیان بە یادگار هێشتۆتەوە. قوتابخانە لە ڕەوتی ژیانی هەر یەك لە تاکەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا نەخشی چارەنووسسازی هەیە. هەربۆیە دەبێ لە لایەن حکومەتەوە گرینگی و بەهای هەمەلایەنە بە قوتابخانە و پرسی فێربوون بدرێ و بوودجەی تایبەتی بۆ دابین بکرێ.

لەو ڕۆژەدا کە دەمانەوێ بەرەوپیریی کرانەوەی قوتابخانە بچین و پرسی خوێندن بخەینە بەردەم خوێنەران، پێویستە پێوەرەکانی گۆڕەپانی فێرکاری هەم لە باری تێکنۆلۆژی و هەم لە باری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەبەرچاو بگرین تا بتوانن لەگەڵ پێوەرە ستاندارەدە جیهانییەکان یەك بگرنەوە. کەواتە قوتابخانەیەك دەتوانێ پێناسەی سەردەمیانەی بۆ بکرێ کە لە هەموو بارێکەوە بتوانێ کەم و کووڕییەکانی کۆمەڵگاکەی بخوێنێتەوە و هاوکات هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی کێشە و ئاریشەکان هەڵبگرێ. ئەگەر سیستمێك نەتوانێ ئامانجەکانی قوتابخانەکەی بە کۆمەڵ گاوە گرێ بدا و مودێل سازیی لۆژیکیی بۆ نەکا، بە دڵنیایی سیستمێکی لاواز و سەقەتە و ناتوانێ دەستکەوتی بەنرخ بە دوای خۆیدا بهێنێ. بە واتایەکی دیکە، قوتابخانە دەتوانێ مۆدێلێکی تایبەت بێ لە داهاتووی کۆمەڵگای خۆی. ئەگەر ئەمڕۆ لە قوتابخانەکانی ئێمەدا نابەرابەری ڕەگەزی، چینایەتی و ئابووری هەیە، بە دڵنیایی ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگای داهاتوودا پڕ ڕەنگتر دەبنەوە. ئەگەر لە قوتابخانەکانی ئێمەدا توندوتیژی بنبڕ نەکرێ و ڕێز بۆ کەسایەتی قوتابی دانەنرێ، کۆمەڵگای داهاتوومان ڕووی ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێ و بەها مرۆییەکان سەقامگیر نابن.

بە پێی ئاماری فەرمی وەزارەتی پەروەردەی ئێران نێزیك بە ١٢ میلیۆن قوتابی بۆ ساڵی ١٣٩٣-٩٤ ناونووس کراون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕێژەی منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٨ ساڵ ٢٠ میلیۆن کەس دەگرێتەوە. کەواتە ڕێژەی منداڵانی بێبەش بوو لە خوێندن ٨ میلیۆن کەسە و کەسیش لە هەمبەر نەخوێندەواریی ئەم کەسانەدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ. هەر لە ئاکامی ئەم کەمتەرخەمییەدایە کە بەشێکی بەرچاو لە منداڵانی وڵاتی ئێمە لە جیاتی ئەوەی لە قوتابخانەدا بمێننەوە و گەشەی هەمەلایەنە بکەن، ڕەوانەی کارگە و فرۆشگەکان دەکرێن، یان لەسەر شەقام دەستفرۆشی دەکەن و لە ئاکامدا تووشی گیرو گرفتی نەخوازراو و دڵتەزێن دەبن. ئاشکرایە کە شوێنەواری مەسەلەی نەخوێندەواری وەك دیاردەگەلی نەرێنی لە داهاتوودا بەرۆکی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە.

ئەمڕۆ لە دەزگای پەروەردەی زۆربەی وڵاتانی دنیادا مەسەلەی هەڵسەنگاندنی نازانستیانە و هەڵاواردنی قوتابیان کارێکی نەشیاو و قەدەغە کراوە. ئەگەر کەسانێکیش لەم بارەوە کەمتەرخەمی بکەن لە لایەن حکومەتەوە تاوانبارن و لێپرسینەوەیان لێدەکرێ. بەڵام مخابن وەك دەبینین، دەزگای پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خۆی ڕاستەوخۆ هۆکاری سەرەکی هەڵاواردنە و سەرەڕای ئاگاداریی چالاکوانانی بواری پیشەیی مامۆستایان و چاودێرانی زانستی، دەست لە کرداری نادروستی خۆی هەڵناگرێ. بۆ وێنە، بەڕێوەچوونی ناعادڵانەی کۆنکووری سەراسەری، تەیارکردنی قوتابخانەکانی پێتەخت یان ناوەندی پارێزگاکان لە لایەك و پشتگوێ خستنی قوتابخانەی گوند و ناوچە بێبەش کراوەکان لە لایەکی دیکەوە، پەرە پێدانی قوتابخانە ناحکومییەکان، دامەزراندنی قوتابخانەی "نمونەی دولتی" یان "استعدادهای درخشان" یان قوتابخانەگەلی دواناوەندی "وابستە بە دانشگا"، بەشێك لە سیاسەتی چەوتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەیە

**ئێستاش دەرەنجامەکانی کارەساتی دڵتەزێنی ئاوایی شیناوێ لە بیرنەچۆتەوە، کارەساتێک کە تاوانەکەی هەتاهەتایە بە ناوچاوی دەزگای پەروەدەی نەخۆشی حکومەتی ئەمڕۆی ئێرانەوە دیارە**

پرسی فێرکاریی خستۆتە تەنگژە و کردوویەتە قوربانی ڕوانگەی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیکی خۆی، بۆ ئەم مەبەستەش دەستی لە هیچ چەشنە ئامرازێکی دژە مرۆیی نەپاراستووە.

ئەزموونی چەند ساڵەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە لە بارودۆخی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی ئێران نەگەیشتووە و تەنیا لە باری ئەمنیەتییەوە بۆ پرسی پەروەردە دەڕوانێ. کاتێك کە دەسەڵاتداران لە لایەن گەلەوە دەکەونە تەنگژەوە و داوایان لێدەکرێ پرۆگرام یان پلانێك جێبەجێ بکەن، نە تەنیا پێملی داخوازی گەل نابن، بەڵکوو بە پەنابردن بۆ پیلانگێڕی، هەوڵ دەدەن داوای ڕەوای خەڵك پووچەڵ بکەنەوە.

یەکێك لەو مافە ڕەوایانەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا کەس ناتوانێ زەوتی بکا، مافی ڕەوای زمانی دایکیی منداڵە. مافی بەهرەمەند بوون لە زمانی دایکی دەبێ لە لایەن حکومەتەوە بە فەرمی بناسرێ و بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیرێ. کۆماری ئیسلامیی ئیران ئەگەرچی لە یاسای بنەڕەتی خۆیدا ئەم مافەی تا ڕادەیەك خستۆتە بەرچاو، بەڵام هەر جارەی بە بیانوویەك بەرەنگاری داواکارانی ئەم مافە بەرحەقە دەبێتەوە و بۆ بەرپەرچدانەوەی تاکتیکی فێڵاوی ڕەنگاورەنگ بە کار دێنێ.

لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی فێرکردنی زمانی دایکی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن هاتە بەرباس و هاوبیران و دژبەرانی ئەم گەلاڵەیەش بۆچوونی خۆیان خستەڕوو. بە پێی وتەکانی ژمارەیەك لە بەرپرسانی پەروەردە و کارناسانی زانستی، خوێندن بە زمانی دایکی لەو ناوچانەی کە منداڵ لە تێگەیشتن بە زمانی فارسی گیر و گرفتی هەیە ئەمرێکی زەروری و بەجێیە. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە لە بەندی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام وەك دیتمان پاش تێپەربوونی چەند مانگ لەم قسە و باسە، وەزارەتی پەروەردە یان حکومەتی بە ناو"امید و تدبیر"ی ڕۆحانی نەیانتوانی یان نەیانویست ڕاپۆرتێکی کورت لە بڕیارەکانی خۆیان بۆ گەلانی ئێران و ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە. ئەوان ئەگەر خۆیان بە نوێنەری گەڵ دەزانن، لانیکەم دەبوو ڕایبگەیەنن کە ئایا بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٩٣-٩٤ پرۆژەی خوێندن بە زمانی دایکی دەچێتە خانەی کردەوەوە یان نا؟

دیارە بەها و گرینگیی زمانی دایکی هیچ گومانی تێدا نیە و ئەمڕۆ لە دنیادا مەسەلەیەکی ناسراوە. زمانی دایکی مۆدێلی جۆراوجۆری هەیە، یەکێك لەو مودێلانەی کە هاوکات پێداگری لە زمانی هاوبەشی دانیشتوانی وڵات دەکا، ئەو دەرفەتەش بە منداڵ دەدا کە ئاوڕ لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بداتەوە. ئەو قوتابیانەی کە لە زمانی پێوەندی گشتیی کێشەیان هەیە، دەتوانن لە فێربوونی وانەکاندا پێ بە پێی هاوڕێکانیان گەشە بکەن. ئەڵبەت بایەخی ئەم کارە لە قۆناغی سەرەتاییدا بەرچاوترە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەرکی سیستمی بەرنامە دەرسییەکانە تا بۆ پشتگیری لە فێربوونی قوتابیانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و ڕەخساندنی دەرفەتی فێربوون و گەشەی بەرابەر، خولێکی دیاریکراوی گواستنەوە لە زمانی دایکەوە بۆ زمانی پێوەندی گشتیی دیاری بکا. بۆ جێگیرکردنی ئەم پرۆژەیە پێویستە تایبەتمەندییە کولتووری و زمانییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەبەرچاو بگیردرێن. سەرەڕای کارایی و گرینگیی خوێندن بە زمانی دایکی، چەند خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەرێنی دیکەشی لێدەکەوێتەوە. یەکەم ئەوەی کە لە کەسایەتی منداڵ نیسبەت بە زمانی دایك و بابی پارێزگاری دەکا و لە میراتی کولتووری خۆی ئاگادار دەبێتەوە، دووهەم ڕێگەی پێدەدا تا لە کۆمەڵگایەکی تاك زمانیی سەر بە نەتەوەی باڵادەست نەترسێ و بە ئاسانی و بێ قرە هاتووچۆی تێدا بکا. فێربوون بە زمانی دایکی هاریکاری هێشتنەوەی هەستی شوناسی نەتەوەیی منداڵە. هەستێك کە بە تۆکمەیی لەگەڵ زمان، هەڵسوکەوتی بنەماڵە و میراتی خۆی گرێ دراوە. ئەم شێوە ڕاهێنانە بە یەکێك لە پارامێترەکانی عەداڵەتی فێرکاری دێتە ئەژمار و یەکێك لە ئارمانەکانی زۆربەی سیستمە پەروەردەییەکانی ئەمڕۆی دنیایە کە دەسکەوتی فرە بەکەڵکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و تەنانەت ئابووریشی لێ دەکەوێتەوە.

**یەکێک لەو مافە ڕەوایانەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا کەس ناتوانێ زەوتی بکا، مافی ڕەوای زمانی دایکیی منداڵە**

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری ١ی ڕەزبەر دەچین کە ڕووداوەکانی یەك دوو ساڵی ڕابردووی ئێران نیشانیان داوە، بینا و پێداویستیەکانی قوتابخانەکانمان لە ئاستێکی زۆر نزمدان و هەڕەشە لە سلامەتی منداڵانی ئێمە دەکەن. سەرەڕای هاتنە ئارای چەندین کارەساتی مەترسیدار، بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە هەنووکەش بەو قەناعەتە نەگەیشتوون کە دەبێ بۆ بنبڕکردنی مەترسی بۆ سەر قوتابیان هەڵوێستی شیاو بگرن، یان لانیکەم بە ئاکارە هەڵەکانیاندا بچنەوە.

وەك ئاگادارین، ئێستاش دەرەنجامەکانی کارەساتی دڵتەزێنی ئاوایی شیناوێ لە بیرنەچۆتەوە، کارەساتێك کە تاوانەکەی هەتاهەتایە بە ناوچاوی دەزگای پەروەدەی نەخۆشی حکومەتی ئەمڕۆی ئێرانەوە دیارە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بۆ سڕینەوەی شوێنەواری کەمتەرخەمی لە کارەکانیاندا هیچ هەڵوێستێکی گونجاویان نەگرتووە، بەڵکوو ئامادە نین زیانی گیانیی ئەم منداڵە بێتاوانانە قەرەبوو بکەنەوە. هەروەها بنەماڵەی قوربانیانی قوتابخانەکەش لە دواپین لێدوانی خۆیان بۆ ڕای گشتی ئەم بابەتەیان پشتڕاست کردۆتەوە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا خۆیان لە چارەسەری پزیشکی و ماڵیی قوتابیانی ئاوایی شیناوێ دەبوێرن، کە دەبینین دەست و پێوەندەکانیان سەرمایەی گشتیی وڵات بە گەندەڵیی چەند میلیارد دۆلاری هەڵدەلووشن و هیچ سنوورێکیشیان بۆ یارمەتیدانی ماڵی و دەرمانیی گرووپە تێرۆریستەکانی سەرانسەری دونیا نییە.

هەروەها ساڵی پێشوو سەبارەت بە کاروباری ئەنجومەن و پێکهاتەکانی سەر بە قوتابیان و مامۆستایان ئاڵوگۆڕێکی هیوابەخشمان بەرچاو نەکەوت. ئەگەرچی دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی پێش هاتنەسەرکاری هەندێك بەڵێنی بۆ ئازادیی چالاکانی سەندیکایی و ڕێخراوەیی مامۆستایان خستەڕوو، بەڵام شکستی ئەم بەڵێنەش بە زوویی دەرکەوت و ئاشکرا بوو کە تەنها بۆ گەرم کردنی کوورەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بوو. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بۆ هەمووومان دەرکەوت کە هێزە ئەمنیەتییەکانی سەر بە دەوڵەتی نوێ بەگوڕتر لە جاران هەڵیان کوتایە سەر چالاکانی پیشەیی بواری پەروەردە و بە کردەوە ڕۆڵی کانوونە پیشەییەکانی مامۆستایانیان لە سەرتاسەری وڵات پووچەڵ کردەوە.

هەروەك دەبینین بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی دروشم و وتەکانیان، بەردەوام لایەنگریان لە گەندەڵی مالیی و ئەخلاقی کردووە و بە پێی توانا و هەلومەرج بە گژ ئازادی و بەها مرۆییەکاندا چوونەتەوە. بۆ وێنە، ساڵی ڕابردوو چەندین مامۆستا و چالاکی بواری پەروەردە کە داکۆکیان لە مافی ڕەوای ئەخلاقی دەکرد، سزادران. بەڵام هەروەك لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە، ئەو کەسەی کە لە ژێر ناوی مامۆستا و وەك جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە، دەستدرێژی جینسی دەکاتە سەر قوتابیان، سەرەڕای تۆمار کردنی چەندین سکاڵانامە لە لایەن بنەماڵەکانەوە، جیا لەوەی کە ڕووبەڕووی هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی ئەوتۆ نەبۆتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە کە پۆستی باشتری پێ پێشنیار بکرێ.

لە لایەکی دیکەوە، بە پێی ئامارە بڕواپێکراوەکان زۆربەی مامۆستایان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بۆ وەدەست هێنانی بژیوی ژیانیان ناچارن ڕوو لە شوێنگەلێك بکەن کە کەسایەتیان دەشکێنێ. سەرانەی قوتابیان لە جێی خۆیدا و بە ڕادەی پێویست ناخرێتە حیسابی قوتابخانەکان و لە ئاکامدا بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە ڕێگەی نەشیاو و بە زەخت پارە لە قوتابیان دەستێنن. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندن هەتاکوو قوناخی دواناوەندی لە ئەستۆی حکومەتە و دەبێ هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکا.

کە واتە، ئەم بارودۆخە ئەرکی سەر شانی مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەی گەلەکەمان قورستر دەکا. مامۆستایان و تێکۆشەرانی زانستی کوردی دەبێ بەوپەڕی فیداکاری و هەستی نیشتمان پەروەرانەوە لەگەڵ منداڵانی هەژاری کوردستان و بنەماڵەکانیان هەڵسوکەوت بکەن و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان دەڕەخسێ لە مافی ڕەوای خۆیان ئاگاداریان بکەنەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵن بەرپرسانی سەرەڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوە زیاتر ماف و ئازادییەکانیان لێ زەوت و پێشێل بکەن.

# دەرکردنی دیپلۆماتە ئێرانیەکان نیشانەی گۆڕینی ستراتژی سوودانە

و: کەیهان یووسفی

کورتەیەک: سـوودان لە ناکاو جەختێکی زۆری خستە سـەر چالاکیە کولتوورییی و سـەنتەرە کولتوورییەکانی ئێران لە خارتووم پێتەختـی ئەم وڵاتە، لـە ڕواڵەتدا ئامانج لـەم کارە، خەبـات دژی پڕۆپاگەنـدەی شێعەگەری لەم وڵاتەدا بووە، وێدەچێت ئەمە پەرچەکردارێك بێت لە وەڵامی گوشارەکانی ئیسرائیل، میسـر و عەرەبستانی سعوودی بە مەبەسـتی ڕاگرتنی پشـتیوانیەکانی ئێران لـە شـەڕکەرانی فەلەسـتینی لە غەزە. سـوودان بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژە شـارێی بنەڕەتیی قاچاغی چەکی ئێرانی لە ڕێگای سەحرای سـینای میسرەوە بۆ غەزەیە. ئـەم کـردەوە چاوەڕواننەکراوەی خارتووم دەرخـەری هاوکاریی گەورەتر لە گەڵ قاهیرە و وڵاتانی هاوپەیمانی کەنداو و و هەروەهـا دەتوانێت هێمایـەك بێت بە دەربڕینی ئامادەیی ئیسـرائیل بۆ قبووڵی ئاگربەست لە غەزە.

### ئانالیز(لێکدانەوە و شرۆڤە)

حکوومەتی سوودان لە سەرەتای مانگی سـێپتامبری ئەمساڵدا فەرمانی داخستنی ناوەنـدی کولتووری ئێران لـە خارتووم و هەروەها ئۆفیسـە هاوچەشنەکانی دیکەی ئێرانیی لە سەرانسـەری ئەم وڵاتە دەرکرد. حکوومەتـی سـوودان داوای لە گشـت کارمەندان و بەرپرسـانی کولتووری ئێران لەم وڵاتە کرد کە لە ماوەی ٧٢ کاتژمێردا خاکی سوودان بەجێبهێڵن. ڕێژیمی سوودان هاوسەنگیەکی مێژوویی لە پەیوەندییەکانی خۆی لە نێوان تاران و دەسەڵاتە سوننەکانی قاهیـرە و ڕیاز هەیە و بە پێی پێویسـتی بەرژەوندییەکانی لەمبارەوە هەڵسـوکەوتی کردووە.

دەسـپێکی ئـەم کارە دەگەڕێتـەوە بۆ کۆتاییەکانی سـاڵی ١٩٨٠ و لووتکەکەی ئەم سـاڵانەی دوایی بووە، ئێران شـەریك و هاوپەیمانێکـی بەکەڵـك و قازانجدار بۆ ڕێژیمەکەی سـەرۆك کۆماری سـوودان، عومەرئەلبەشـیر لە دابین کردنی چەك و چۆڵ و پارە بووە. لە بەرانبەردا خارتوومیش ئیزنـی بە تـاران داوە کە لـە خاکی ئەم وڵاتـەوە بـۆ ترانزیتی چەك بـۆ غەزە و شـەڕوانانی گرووپە فەلەستینیەکان کەڵك وەربگرێت. داخسـتنی ناوەندی کولتووری ئێـران لە خارتووم چوونـە دەرەوە لە هێڵی هاوکاری لەگەڵ ئەم شـەریکە و ئاماژە بە گۆڕانکاری لە هەڵسـوکەوت و ستراتژی سوودان لەگەڵ ئێراندا هەیە.

خارتـووم بە شـێوەی فەرمـی دانی بـەم کـردەوەی ئێرانەدا نـاوە و ئەویش بە دەربڕینی ئەم قسانە کە کارمەندانی ئێرانی بـۆ برەوپێدانی ئایدۆلۆژی شـێعەگەری لە نێوان زۆرینەی حەشـیمەتی سـوننەی ئەم وڵاتـە چالاکی دەکـەن. بابەتێك کە بەرپرسـانی حکوومەتی خارتـووم ناوی هەڕەشـەی ئایدۆلۆژیـك و کۆمەڵایەتیان لێناوە. خارتووم لە ڕابردوودا هۆشداری بە ئێران دابـوو و داوای لەم وڵاتە کردبوو کە دەست لەم چەشـنە چالاکیانە هەڵبگرێت، بـە تایبەت لەبارەی هەڵسـوکەوتگەلێك وەکوو بەستێن خۆشـکردنی هانەی پووڵی بە مەبەسـتی گۆڕینی ئایینـی لاوانی سوودانی لە لایەن ئێرانیەکانەوە. بەرپرسانی پلەبەرزی ئێرانی بە توندی ئەم قسانەیان ڕەت کردۆتـەوە، بەڵام سـەرۆك کۆماری سوودان بە ڕەت کردنەوەی قسەی ئێرانیەکان و بە پێچەوانەی خواسـتی ئەوان، بڕیاری دەرکردنی کارمەندان و بەرپرسانی ناوەندی کولتووری ئێرانی لەم وڵاتە دەرکرد.

کەمینەی شـێعەی سـوودان، لە حاڵی حـازردا هەڕەشـەیەکی جیـددی گەورە دژی ئاسایشـی ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئەم وڵاتەدا نیە. کۆمەڵی شـێعەی ئەم وڵاتە لە ناوەندی پێتەختی سـوودان هەڵکەوتووە و ژمارەیـان کەمتر لە چەن سـەد هەزار کەس لە حەشـیمەتی ٤٠ میلیۆن کەسـی ئەم وڵاتەیە. ئەگەرچـی حکوومەتی ئەم وڵاتـە نیگەرانی خۆی لە بارەی گەشـە و سـەرهەڵدانی شـێعەگەری دەربڕیـوە، بەڵام ئەم سیاسـەتە لە سەرووی لیستەی سیاسەتە هەنووکەییەکانی ڕێژیمی سووداندا نیـە و ئەولەویەتەکانی گرنگتر لە نەبوونی سەقامگیری لەم وڵاتە، کێبەرکێ لە بەشی وزە و هەڵاتنـی بەردەوامی سـەرمایە لەم وڵاتەیە نەك هەڕەشـەیەك لـە ژێر ناوی گەشەی شێعەگەری.

سەرچاوەکانی stratfor نیشان دەدەن کە چالاکیەکانی شێعەگەری لە لایەن ناوەندی کولتووری ئێران و ئۆفیسـەکانی دیکەی بابەتێکـی نوێ نییە و سـاڵانێکە بوونی هەبـووە و دەرکردنـی کارمەندانی ئێرانی لـەم قۆناغەدا گومانێکـی گەورەمان بۆ بەجێدەهێڵێت و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بڕیارە زیاتر لە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنی ناوچەیی و ئیقلیمیـدا بووە هەتا پێوەندییە نێوخۆییەکانی سوودان.

لە شەڕی ئەم دواییەی نێوان شەڕوانانی فەلەسـتینی لە غەزە و سوپای ئیسراییل، تاوتـوێ کردنـی وردتـری ناوچەیی ئەم ڕەوتـە و ڕێگای هەناردنی چەك و چۆڵی سەربازی ئێرانی بۆ غەزە زۆرتر بوو، لەوانە ڕۆڵی سـوودان لە قاچاغکردنی ئەم چەك و چۆڵانـە. بەرژەوندی و خواسـتی ئێران لە پاراسـتنی هێڵە کراوەکانی دابینکردنی چەك و چۆڵ و بەهێزکردنی ڕاکێت بارانی ئیسـراییل لە لایەن حیماسـەوەیە. میسر، وڵاتانی کەنداو و ئیسـراییل پێیان باش بوو کە ڕاگرتنی ئەم یارمەتیانە ببینن. دانیشتنە یەك لە دوای یەکەکانی نێوان میسر، قەتەر و بەرپرسـانی پلەبەرزی سوودان نیشانەی بەرزبوونەوەی تەرکیزی ناوچەیی لە سـەر هەناردنی یارمەتیە سەربازییەکانی ئێران بۆ غەزەیە.

قبووڵکردنی ئاگربەستێکی سەقامگیر لە لایەن ئیسراییلەوە ئەم تێگەیشتنە پشتڕاست دەکاتـەوە. غەیرەسـەربازیکردنی ناوچەی غەزە لە ڕێگـەی چەك داماڵینی حیماس و گرووپە فەلەستینیەکانی دیکە یەکێك لە خواستەکانی ئیسـراییل لە وتووێژەکاندا بوو و مەبەسـت لەمەش ڕاگرتنی دەستدرێژی بۆ سـەر خاکی ئەم وڵاتەیە. شایانی باسە کە ئەم ڕێککەوتنە بە ناوبژیوانیی میسـر، بەرەنجامەکەی بووە ئاگربەست لە غەزە کە لەوێ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باس لە بابەتی پێشـگیری لە دیسـانەوە پڕچەك کردنی حیماس کرا بوو.

ئامادەیی ئیسـراییل بـۆ قبووڵی ئەم ڕێککەوتنە نیشانەی ئەوەیە کە تێل ئاویڤ ڕێککەوتننامەیەکـی نافەرمـی لە گەڵ سوودان بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی کاناڵەکانی قاچاغی چەك و چۆڵ بۆ غەزە قبووڵ کردووە.

میسـر و هاوپەیمانەکانـی خەلیج و بە تایبەت عەرەبسـتانی سعوودی، زۆرینەیان بـە دڵنیاییەوە لـە وەهـا ڕێککەوتنێکدا ڕۆڵیان هەبووە: هەر دووی ئەوان(میسـر و عەرەبسـتان) شـوێندانەری خۆیان لە سەر بازنەی دەروونی ڕێژیمی سـوودان داناوە و دەیانهەوێت کە لە ئاڵۆزیی لە سـنوورەکانی نێوان میسر و سوودان کەم بکەنەوە. وێدەچێت کە بڕیـاری تۆمەتبار کردنـی ئێران لە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی نێوخۆیی سوودان، بەرەنجامی گوشارەکانی قاهیرە و میسر بۆ ڕازی کردنی عومەرئەلبەشیر و بە مەبەستی داخستنی ڕایەڵەکانی قاچاغی ئێرانیەکان بوویێت.

لـە ڕوانگـەی ڕێژیمی سـوودانەوە، ڕێکەوتنێـك لـە گەڵ میسـر و وڵاتانی کەنداو دەتوانێت ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە پشتیوانیە ماڵیەکانی عەرەبستانی سعوودی و پەرەپێدانـی هاوکاریی ئەمنیەتی لەگەڵ میسریەکانی بە دواوە بێت.

بو وەدستهێنانی هاوکارییەکان وێدەچێت هەلومەرجی پشت بەسـتن بـە قاهیر و میسـر کە نزیکتـرن لە جیاتـی تارانێك کە مـەودای زۆرتـرە، بۆ سـوودانیەکان لەبارتر بێت. میسـر هـەوڵ دەدات کە بە هاندانی سوودان پشـتیوانی ئەم وڵاتە بۆ دژایەتیکردنی لەگـەڵ پرۆژەی ئاوبەندی گـەورەی ڕێنیسانسـی ئێتیۆپی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و پێش لە هاتنی میلیشیا سەربازییە ئیسلامیەکان بۆ خاکی میسر لە سنووری سوودانەوە بگرێت. عەرەبستانیش دەیهەوێت کە سـەقامگیری و ئاسایشـی میسـر دابین بـکات و لە شـوێندانەری ناوچەیی ئێران کەم بکاتەوە.

لـە واقعیدا و لە درێـژەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سەربازی لە نێوان قاهیرە و میسردا لە مانگی مارچ، سەرچاوەکانی Stratfor دەریان خست کە ڕیاز پێشنیاری دانی هاوکاریگەلێکی شـیرینی ماڵی لە بەرانبەر داخسـتنی هاوکارییەکان لەگەڵ ئێرانی بە سوودانیەکان داوە.

بـەڵام وێناچێت کە خارتـووم بە دوای گۆڕانکارییەکـی گەورەی سـتراتژیك و لاربوونـەوە بـۆ لای کەمپی عەرەبسـتان و میسـردا بێت. بەڵام لـە کورت ماوەدا و بە داخسـتنی ڕێگاکانـی قاچاغی چەك و چۆڵـی ئێرانی بۆ غـەزە، ڕوانگەی ئیسـراییلی بۆ قبووڵکردنی ئاگربەسـتی غەزە بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

سەرچاوە:
http://www.stratfor.com

## جووت حەوت



### هەوراز

ـ پیـاو تەعریفی خۆی نەکات، ئێمە وەکوو جووت حەوت لە مەسـەلەی نەتەوایەتیدا قاڵ بووین و زۆر چوارپارچەیی بیر دەکەینەوە و خۆمان گوتەنی"سەرمان لە کوردایەتیدا سپی بووە، نەك لە ئاشـەکەی ئەحە بزگیر ." بەڵام هەرچی سەر دێنم و سـەر دەبەم نازانم بۆچی ئێمەی کـورد تەنانەت لە ژماردنی پارچەکانی کوردستانیشـدا ناتوانین یـەك بگرین. بۆ نموونە، کاتێك هەبوو کە خەڵکانێك دروشـمیان دەدا: "باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات. یـەك وڵات و یەك خەبات". بـەدەر لە ڕواڵەتی جوانی ئەو دروشـمە، سـەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە داهێنەرانی ئەم دروشـمە بە چوارپارچەخوازیش دەناسـران، منیش هەر لە گێژاوی ئەم پرسیارەدا بووم کە: "ئەم وڵاتە خۆ سێ پارچەیە. بڵێی من جیاوازیی نێوان سـێ و چوار نەزانم یان ئەو خەڵکە پێمان ڕادەبوێرن؟" گەرچی دەگوترا کە پارچەی چوارەم زۆریش پارچـە نییە و زیاتر دەبێ وەك کەمپـی ئاوارەکانی باکوور لە سەر خاکی سووریای دۆست و برامان! چاوی لێ بکرێت، بەڵام مـن چاك حاڵی نەدەبووم و دەمگوت ئەگەر وەهایە ئیتر بۆ بە خۆیان دەڵێن چوار پارچەخواز؟ وەڵامی ئەو پرسـیارەم هەرگیز وەر نەگرت تاکوو پرسـیاری دیکەشـی بە سـەردا هات کە ئەمجارەش خەڵکانێکی چوارپارچەخوازی دیکە سەریان هەڵدا کە لە نێو کەمپی ئاوارەکاندا پارچەی ڕۆژئاواشیان دۆزییەوە و خۆیان گوتەنی خستیانە ڕۆژەڤەوە و بوو بە ڕەسەنترین پارچە، بەڵام ئەمجارە ڕۆژهەڵاتەکەی پێشـوو لـە کونی گیرفانیان داکەوت و دیسـانیش بووەوە بە سـێ پارچە، واتە ڕۆژهەڵات لە تەرازووی ئەقڵی ئەواندا مەلاخۆر کرا و بوو بە ئێرانسـتانی ئیسـلامی. ئێستاشی لەگەڵ بێت تێ نەگەیشتم کە گیرفانی ئەم چوارپارچەخوازانە هەر جێگای سێ پارچەی تێدا دەبێتەوە، یان من لە واتای سێ و چوار تێ ناگەم و چوار بە سێ دەبینم. بە خوڵای پێم وابێ مامۆسـتای بیرکاریم ئەم ژمارانەی باش فێری من نەکردووە و دەبێ مێشکم فۆرمات بکرێتەوە.

ـ بەپێـی ئامارەکان ژمارەی ئیمامزادەکان لە ئێراندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە و لە حەوت هەزاری ساڵی ١٣٥٨ەوە گەیشـتۆتە زیاتر لە ١٣ هەزاری ئێسـتا. واتە ئیمامزادەکان وەکوو کارگ هەڵدەتۆقن و دەبنە سـەرچاوەی داهات بۆ ڕێژیم و تاڵانکردنی ڕووت و ڕەجاڵەکانی وڵات. کەسیش نیە بپرسێ ئەمانە تا ئیسـتا لە کوێ بوون، یان ١١ ئیمامی بەسـتەزمان ئەو هەموو زادەیان لە کوێ بوو، یان بۆچی تاقە ئیمامزادەیەك لە دەرەوەی ئێـران نیە لە حاڵێکدا کە ماڵی هەموو ئیمامەکان لە دەرەوەی ئێران بووە؟ ئەگەر ئیمامزادەکان لە بەر گوشـاری سیاسی وڵاتی خۆیان بە جێ هێشتووە و بۆ درێژەدانی خەباتیان یـان گوزەرانی ژیانیان هاتوونەتە ئێـران ـکە ئەو کاتەش وەك ئێسـتا لانکەی دێموکراسی و خۆشبژێوی بووەـ ئەدی بۆچی باوکەکانیان کە لەوانیش گرینگتر و سیاسیتر بوونە، لەگەڵ کوڕ و کچەکانیان ڕایان نەکردووە و نەهاتوون لە ئێرانی دێموکراتیکدا کاری سیاسیی ئازادانە بکەن یان لانیکەم ببنە سووسیالخۆری بێ کێشـە؟ و لە کۆتاییشـدا ئەگەر وەکوو مێشك هەڵاتوون و مەبەسـتیان خوێندن لە زانکۆکانی ئێرانـدا بووە، بۆچی تاقە کتێبێکیان لێ بە جێ نەماوە یان نووبلێکی فیزیکیان نەبردۆتەوە یان لانیکەم لە وڵاتێکدا کە بڕوانامەی زانکۆ وەکوو تەڕەتۆڵەکە لە بەر دوکانان دەفرۆشـرێت، بۆچـی تاقە دوکتۆرایەکیان لێ هەڵنەکەوتووە؟

ـ خوڵامعەلی حـەداد عادڵ، خـەزوورەی مێردی بووکی خامنەیی لە پێوەندی لەگەڵ مەسـەلەی گەشـتی ئیرشـاد و لێدانـی کچ و ژنـی خەڵك لە بەر چـاوی خەڵکدا دەڵێ: "لەوپەڕی دنیاش گەشتی ئیرشاد هەیە و ناهێڵن خەڵك خۆیان ڕووت بکەنەوە، تەنیا ئاستەکەی تۆزێك جیاوازە".

بێگومان ڕاست دەڵێ. ئەگەر لەو شوێنەوە کە خوڵامعەلی لێی ڕاوەسـتاوە، بە سواری گوێدرێژ بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین، لەوپەڕی دنیا دەگەینە ناوچەکانی ژێردەسـەڵاتی داعش کە گەشتی ئیرشادی زۆر چاکی لێیە و ناهێڵن خەڵك خۆیان ڕووت بکەنەوە و وەك گوێی کەر لەگەڵ دەوڵەتی خوڵام و خەزوورەی کچەکـەی جووتن، تەنیا ئاسـتەکەیان تۆزێك لێك جیاوازە کە ئەویـش بە هۆی جیاوازیی فەرهەنگییـە. هەر چۆنێك بێت، خوڵامعەلـی و خـەزوورەی کچەکەی تا لە نەشـئەی تریاك ڕاپەڕن، داعش کۆمەڵێك خەڵکی ئیرشـاد کردووە. بۆیە ئێستا خوڵامعەلی نیگەرانە لە کێبڕکێی ئیرشاد کردندا دوا بکەون و دەیهەوێ بڵێ تا ئێمە هەین، کەسیتر بۆی نییە داعش بێت.

ـ ئەحمەد جەننەتی، ئیمام جومعەی ئەبەدیی تاران گوتی: "ڕێگە مەدەن کەسانی ناباب بچنە نێو زانکۆکان بخوێنن".

کەواتە کەسـانی ناباب ئەگەر چوونە نێو زانکۆکان، دەبێ مەبەستیان خوێندن نەبێت، بەڵکوو بۆ مەبەستی دیکە بچن. بۆ نموونە ببنە بەرپرسی حەراسەت یان بنکەی نوێنەرایەتیی وەلیی فەقیە یان بەسیجی زانکۆ. هەڵبەت بۆ کەسانی ناباب جێگای شـیاوتر لە زانکۆ زۆرە، بۆ نموونە حەوزەی علمییەی قوم یان سپای پاسداران یان قەرارگای عەماریوون یان تەنانەت بەیتی ڕێبەری. بۆیە پێویستە ئەو نیگەرانییەی جەننەتی بڕەوێنینەوە و پێی بڵێین: "حاجی ئاغا! کەسانی ناباب نەك هەر نایانهەوێ، بەڵکوو ناشـتوانن بیر لە خوێندنی زانکۆ بکەنەوە. مەگەر ئێوە بـە زۆر بیاننێرنە زانکۆ و بە ناوی جەنابی موهەندیس دوکتور ئەحمـەدی نژاد و سـەردار دوکتور قالیبـاف و حاج دوکتور ڕووحانی بە خۆمانیان بفرۆشنەوە".

# به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی پێشگرتن له خۆکوژی



مووسا باباخانی

ماوەی چەنـد سـاڵە ڕۆژی ١٠ی سێپتامبر، وەك ڕۆژی جیهانیی پێشگرتن لە خۆکوشتن دیاری کراوە. ئەو ناو لێنانە بە شـێوەی هاوبەش لە لایەن ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت و کۆڕی نێونەتەوەیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بە مەبەسـتی پێش گرتن لە خۆکوشـتن و وەڵامدانەوەیەك بۆ گرفتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی زیاتـری خۆکـوژی، گەڵاڵە بۆ دارێژراوە.

بە پێی ئاماری ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی لە هەر چرکەیەکدا کەسێك خۆی دەکوژێت. زۆرترین ڕادەی خۆکوشـتن لە دوو وڵاتی چین و ڕووسیەیە.

سـاڵانە ٢٠ تـا ٦٠ میلیۆن کەس لە جیهان پەنا بۆ دیاردەی خۆکوشتن دەبەن، کە یەك میلیۆن لەوانە کۆتایی بە ژیانیان دێ.

خۆکوشتن هەڵس و کەوت و دیاردەیەکی دژی کۆمەڵگایە کـە زیاتر لە ئاکامی گوشـاری کۆمەڵگە و بنەماڵە شکڵ و فۆرم دەگرێ.

کارناسان چەند هۆکارێکی سەرەکییان بۆ پەنابردنـی مرۆڤەکان بـۆ دیاردەی خۆکوژی دەسـت نیشـان کردووە، وەك: تەنیایـی، بێ ئامانجی، هەسـت کردن بەوەی بۆشایی لە ژیاندا هەیە، بێکاری و گرفتی ئابووری کە دەبنە هۆی خەمۆکی هۆکارگەلـی وەك خواردنـەوەی زۆری مەشـرووب و کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسـی، دەتوانن لەو هۆیانە بن کە خۆ کوژییان لێ دەکەوێتەوە.

دەسـت پێ ڕاگەیشـتنی ئاسـان بە هەندێك کەرەسـتە کە خۆکوشـتنی پێ جێبەجێ دەکرێ ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن.

بە پێی ئامار و داتاکان زۆرترین شێوەی خۆ کوشـتن لە جیهان کەڵك وەرگرتن لە هێندێ دەرمان و خۆراکی کوشندەیە.

هەڵبـەت دەبێ ئـەوەش بگوترێ کە خۆکوشتنی کەسـانی ناسراو کاریگەری نەرێنی زۆرتری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێ، واتە کاتێك کەسێکی ناسراو بە خۆکوشتن کۆتایـی بە ژیانـی خـۆی دەهێنێ، جێبەجێ کردنی ئەو کارە بۆ کەسـانی دیکەش پێدەچێ ببێتە ئەمرێکی ئاسـان و ئاسایی واتە کەسانی ناسراو دەتوانن بۆ خۆکوژیش ببنە "سەرمەشق".

ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی ڕادەی خۆکوشتنی لە دوو وڵاتی چین و ڕووسیە بـە زۆرترین ڕێژە دەزانـێ پاش ئەو دوو وڵاتە لە ئورووپاش لیتونی و بولغارستان زۆرترین ئاماری خۆکوشتنیان هەیە.

لە ئێرانیش ئاماری خۆکوشتن لەم چەند ساڵەی دوایی چووەتە سەرێ بە تایبەت لە چەند ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە دیاردەی خۆکوشتن بە نیسبەت شـوێنەکانی دیکە لە ئاستێکی سەرەوەیە وەك دوو ئوسـتانی ئیلام و کرماشان. بە بڕوای کارناسـان ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن بە گشتی مەبەستیان کۆتایـی هێنان بە ژیانـی خۆیان نییە، بەڵکوو ئەوان نازانن دەبێ چۆن بژین، هەر بۆیە بە مەبەستی پێشگرتن لە خۆکوژی کەسـەکان ڕاوێژی دەروونی کاریگەری ئەرێنـی هەیە. بە گشـتی گرینگیدان بەم دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیە و دەسـت نیشـانکردنی ڕێگاکانی پێشـگرتن بەم دیاردەیە دەتوانن لە سـەر لە نێو بردن یان کەمکردنـەوەی ئەم دیاردەیە شـوێندانەر بێ لە بیروڕای گشتیدا وەك کردەوەیەکی دزێو بەرانبەر بە کەسان و کۆمەڵگا باسی بەردەوامی لێبکری.

# "خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری باشترە"

هیوا میرزایی

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئامانجی ڕێزگرتن لە بزووتنەوە دێموکراسی خوازەکان و پشتگیری و پشتیوانی لەو وڵاتانەی کە لە ڕێگەی سەقامگیرکردنی دێموکراسیدا هەنگاو هەڵدەگرن، ڕۆژی ١٥ی سێپتامبری وەك ڕۆژی دێموکراسی ناوزەد کردووە. دێموکراسی یان دەسەڵاتی خەڵك بە سەر خەڵکدا سیستمێکی حکوومەتییە کە لەودا خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان هەیە لە بەڕێوەبەریی وڵات و دیاریکردنی سیاسەتە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و لەم شێوازە حکوومەتیەدا تاك کەرامەتی پارێزراوە و ماف و ئەرکی بە شێوەیەکی ڕوون لە کۆمەڵگادا پێناسە کراوە. لەو سیستمە حکوومەتیانەی کە بە شێوازی دێموکراسی بەڕێوە دەچن، یاسا و ڕیساکان بە شێوەیەك لە لایەن نوێنەرانی خەڵك و زۆرجاریش بە شێوەی ڕێفراندۆم ڕاستەوخۆ لە لایەن خودی خەڵکەوە دادەڕێژرێن کە پێش لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆری و تاکڕەوی و بناژۆخوازی دەگیردرێ. لە یەکەمین ڕاگەیندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ڕۆژ جیهانیی دێموکراسیدا هاتووە:"دێموکراسی بەهایەکی جیهانگیر و پشتبەستوو بە ئیرادەی ئازادی هاوڵاتیانە لە دیاریکردنی سیستمە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی خۆیان و بەشداریی تەواو لە هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆیانە" لەم ڕاگەیەنراوەدا داوا لە هەموو وڵاتانی ئەندام دەکرێ کە ئەم ڕۆژە لە ڕۆژژمێری فەرمیی خۆیاندا بگونجێنن و گەرەنتی بەشداریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەم پرۆسەیەدا بکەن.

لەو وڵاتانەی کە ئەم ڕۆژەیان بە فەرمی نەناسیوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام ئەم ڕێژیمە خۆی بە پشتیوانی " خەڵك سالاریی دینی" دەزانێ، خەڵك سالارییەکی دینی کە لەودا تەنیا یەك کەس بڕیاردەری سەرەکییە کە ئەویش "ویلایەتی موتلەقەی فەقیهە". ئەم بڕیاردەرە بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنووری هەیە کە بەو پێیە، ئەو مافەی پێدراوە چارەنووسی خەڵك دیاری بکات. لە سیستمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەی ئەو سیستمە دێموکراتەی کە لە ڕۆژئاوا و ئامریکا و ....هەیە، هیچ ڕێزێك لە کەرامەتی مرۆڤ نەگیراوە. تا ئەو کاتەی کە خەڵك هاوتەریب لەگەڵ سیاسەت و بیرکردنەوەکانی حکوومەت هەنگاو هەڵدەگرن بە هاووڵاتی "خودی" پێناسە دەکرێن، بەڵام ئەگەر هەر تاك یان گرووپێك لە کۆمەڵگادا بە پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست بگرێ و هەنگاو هەڵێنێ، بە " ناخودی" و مەترسی و دژی ڕێژیم دەناسرێت و سزای ئەم هەڵوێست گرتنەش دەبێتە ئەشکنجە و ئێعدام و دوورخستنەوە و بێبەش بوون لە هەموو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بۆ نموونە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەم" خەڵك سالارییە دینییەی" کۆماری ئیسلامیان بە پێکۆڵ کێشا و خوازیاری مافی یەکسان و بەشداریی لە بەڕێوەبەری وڵات و یاسایەکی پێشکەوتوو و مودێڕن بوون. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دیاریکردنی دێموکراسی وەك شێواز و سیستمێکی حکوومەتی، خوازیاری پێکەوەگونجان و مافی یەکسان و وەرگرتنی مافەکانی نەتەوەی کورد بوو کە ئەمەیش بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و کەسی یەکەمی ئەم ڕێژیمە هێڵی سوور و دژی بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژی ئەوان بوو کە وەڵامی ئەو مافویستی و دێموکراسیخوازییەی کورد و حیزبی دێموکرات بە شەڕێکی خوێناوی کە هەنووکەیش بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر بەردەوامە دراوەتەوە. دێموکراسی چ وەك کولتوور و چ وەك شێوازێکی حکوومەتی، یەکێك لەو بابەتانەیە کە حیزبی دێموکرات بۆ سەقامگیرکردنی لە نێوخۆی حیزبدا و لە پەیوەندییەکانیدا زۆرجار باجی بۆ داوە و یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات بووە و شەهیدی مەزن دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پێناسەیەکدا دەڵێت: "خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری باشترە" و بەردەوامیش جەختی لەوە کردۆتەوە کە حیزبی دێموکرات تەمرینی دێموکراسی دەکا. دێموکراسیەك کە بە پێچەوانەی بۆچوونی کۆماری ئیسلامی، لەحیزبدا بە شێوەی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێ و تاکڕەوی و بە مۆرەکردنی تاك تێدا شتێکی نامۆ و دژە مرۆیی پێناسە کراوە. ئەم دێموکراسی و باوەڕمەند بوونە وایکردووە کە حیزبی دێموکرات لە دژوارترین هەلومەرجی بەرخودان و شەڕی خوێناوی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کۆنگرەکانی خۆی بە شێوەی ڕێکوپێك ببەستێ و سیاسەت و بیرکردنەوە و شێوازی خەباتی خۆی نوێ بکاتەوە و شەهیدبوونی ڕێبەرانیشی نەبوونەتە هۆکارێك بۆ بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکانی ئەندامانی و سەرهەڵدانی توندڕەوی و تاکڕەوی لەم حیزبەدا.




**دێموکراسی جیا لە سیستمی حکوومەتی، دەکرێ وەک کولتووریش پێناسەی بۆ بکرێ، کولتوورێک کە تێدا ڕێز لە ئایدیا و بیرکردنەوە و کەسایەتی مرۆڤەکان دەگیردرێ**

دێموکراسی جیا لە سیستمی حکوومەتی، دەکرێ وەك کولتووریش پێناسەی بۆ بکرێ، کولتوورێك کە تێدا ڕێز لە ئایدیا و بیرکردنەوە و کەسایەتی مرۆڤەکان دەگیردرێ و هیچکەس مافی ئەوەی نیە کە دەستدرێژی بکاتە سەر مافی کەسی بەرانبەری و کەرامەتی مرۆڤ خەوشدار بکا. تاکەکان لە کۆمەڵگادا لە هەر پلەی کۆمەڵایەتیەکدا بن مافی یەکسانیان هەیە و تەنیا لە بەرامبەر یاسا( یاسایەك کە بە شێوەی دێموکراتیك و بە بەشداریی و لە بەرچاوگرتنی هەموو کەمایەتییە ئایینی و ئیتنیکییەکان) داڕێژراوە، وڵامدەرن و تەنیا لەم جۆرە سیستمە حکوومەتیەدایە کە تاك توانای ئافراندن و داهێنانی هەیە و ئەم ڕێزگرتنەیشە کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

# ٢١ی سێپتامبر، ڕۆژێک کە بۆ گەلی کورد ئارامیی بە دوادا نەهات

عارف وەڵزی

ئارامی، ئەمنییەت و پێکەوە ژیان سێ چەمکن کە لە کۆنەوە زۆر کەس و لایەن و ناوەند و ڕێکخراوی نێونەتەوی، هەوڵی دابینکردنیان لە سەرانسەری جیهاندا داوە و دەیدەن. ئەنجامەکەیشی ئەوەیە کە لە زۆر شوێن و ناوچەی جیهان ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو بوون و ڕەوڕەوەی ژیان لە ژێر سێبەری ئارامی و ئەمنییەت و پێکەوە ژیان، بە باشی ڕێگاکەی خۆی دەپێوێ، بەڵام بە داخەوە لە زۆر شوێنیش هێشتا هەوڵەکانیان بێ ئاکامن و ئەم سێ چەمکە هەر کەمڕەنگ و یان بڵێین نادیارن.

هەر لەم ڕاستایەدا بوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٨٢دا، ڕۆژی ٢١ی سێپتامبری وەکوو ڕۆژی جیهانیی ئاشتی (صلح) دیاری کرد و لەوکاتە بەدوواوە دەبینین کە، بۆ ڕێز گرتن لەم ڕۆژە، ساڵانە کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان پێکدێت تاوەکوو گرینگیی ئەم ڕۆژە و چەمکی ئاشتی بۆ هەموو لایەك دەرکەوێت.

بەڵام بەداخەوە ئەم ساڵیش و لە بەرەبەری ڕۆژێکی وەهادا، دەبینین کە لە گەلێك وڵاتی جیهان بە هۆی کێشە نێوخۆیی و دەستێوەردانە دەرەکییەکان، شەڕ و پێکدادان و ئاڵۆزی، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تێکداوە. بۆ نموونە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانێك وەك لوبنان، یەمەن، سووریە، فەلەستین، عەراق و ... هتد، ئارامی و ئەمنییەت و پێکەوە ژیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی شێواندووە و بۆتە هۆی ئەوە کە ڕۆژانە بە سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئەم وڵاتانە ببنە قوربانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە تەنیشت ئەم دەستێوەردانانەدا، پەرەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەیشی، بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئاشتەوایی گشتی جیهان دێتە ئەژمار و جێگای نیگەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە.

دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی کە زۆربەی بە پشتیوانی کردنی هەمەلایەنەی حکوومەتە دیکتاتۆر و گرووپ و تاقمە توندڕەو و بناژۆخوازەکان خۆی دەرخستووە، بۆتە هۆی ئەوە کە لە زۆر شوێن پرنسیپەکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان پێشێل بکرێن و شەڕ و پێکدادان بەسەر ئاشتی و دانووستاندا زاڵ بێت و لە ئەنجامدا ئاوارەیی و دەربەدەری و کوشت و کوشتاری ئەو هەموو ژن و منداڵەی لێ بکەوێتەوە کە ڕۆژانە ئێمە لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندن دەیانبینین و دەیانبیسین.

ئەگەر بێت و زیاتر لە مەژاری بناژۆخوازی و تێکدانی پێکەوە ژیان و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ورد بینەوە، نموونەیەکی هەرە بەرچاو هێرشەکەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش" بۆ سەر عەراق بە گشتی و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان و بەشێك لە ڕۆژئاوای کوردستانە کە لێرەشدا بەدوور نابیندرێت کە دیسان دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێکخستن و ئاراستە کردنی ئەم گرووپە بۆ کاری تیرۆریستی و تێکدەرانەی تێدا بێت بۆ سێبەر خستنە سەر و شاردنەوەی کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە، واتە مالکی و بەشار ئەسەد.

لەم هێرشەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دا کە ناوچەیەکی بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمیتر بۆ سەر خاکی کوردستان بەڕێوە چوو، سەدان هەزار هاونیشتیمانی کوردی ئێزدی و کاکەیی و کریستییانی و شیعە و تەنانەت تورکمانی بە دڕندانەترین شێوە کردە قۆربانی.

داعش کە دوژمنی دێموکراسی و ئازادی و بە گشتی گەلان دێتە ئەژمار، دوای هێرشەکەی خۆی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی بەشێك لە خاکەکەی، دیمان کە بە سەدان پیاو و ژن و منداڵی ئێزدییان سەر بڕی و بە سەدان هەزار کەسیان کۆمەڵکوژ و یان لە خاکی باب و باپیرانیان ئاوارە کرد و بە دەیان بڕیاری دوواکەوتووانەی دەرکرد کە تێیاندا پێڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بە گشتی و بە تایبەت خوشك و برا ئێزدییەکانمان کەوتنە بەر دڕندانەترین توندووتیژی. بڕیارگەلێکی وەکوو فرۆشتنی ژنانی ئێزدی بە نرخێکی کەم لە بازارەکانی مووسڵ و خەتەنەکردنی کچان و قەدەغەکردنی تەماشاکردنی تەلەویزیۆن و چوونەدەری بە تەنیای ئافرەتان و دەیان بڕیاری دیکە کە جێگەی سەرسووڕمانی هەر مرۆڤێکی ئەمرۆیین.

داعش دوای داگیرکردنی بەشێك لە خاکی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەی کە دژی هەر چەشنە ئازادی و پێکەوە ژیانێکە، سەلماندی کە دژی مێژووی گەلانیشە، چونکە بە پانتایی خاکی داگیرکراوی کوردستان، هەر وەك دەسەڵاتەکەی تالیبان لە ئەفغانستان، کەوتە تەقاندنەوە و لەناوبردنی مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی برایانی ئێزدی و کاکەیی و کریستیان و شیعەکان کە جگە لە پیرۆزی بواری ئایینی، خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژی نیشتمانی کوردانن.




بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرینگە و جێگای لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کە داعش جیا لەوەی کە تێکدەری ئارامی و هێمنایەتییە لە ناوچەکە بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، مەترسییەکی گەورەشە کە پێشبینی دەکرێت لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، ئارامی و دێموکراسی لە هەموو جیهان بکاتە ئامانج.

لە بەرانبەردا ئەوەی گە جێگای دڵخۆشی بوو و هەیە ئەوەیە کە لە لایەك بە درێژایی سنوورەکانی خاکی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش"، پێشمەرگەکانی کوردستان ڕێگر بوون لە پێشڕەوی زیاتری داعش و لە لایەکەی دیکەوە، هەم گرینگی خاکی کوردستان و سیاسەتی دونیا پەسەندی کورد لەم بەشەی خاکی کوردستان و هەم هەست بە بەرپرسایەتی کردنی کۆمەڵگای نێونەتەوییە لە بەرانبەر هەڕەشەی داعش و لە سەرووی هەموویان وڵاتانی ئامریکا و فەڕانسە و ئیتالیا و چەند وڵاتی دیکە، بوون بە هۆی ئەوە کە لە جەبهەکانی شەڕ لەگەڵ بناژۆخوازیی ئیسلامی سیاسی، بە ساپۆرتی هەوایی و چەکی پێشکەوتوو و هاوکارییە هەمەلایەنەکانی ڕۆژئاوا، هێزی پێشمەرگە بەرەنگاری هێزی تاریك پەرەستی داعش ببێتەوە و ڕۆژبەڕۆژ پاشەکشەی زیاتری پێ بکات و هیوادارین کە ئەمە دوایین هەناسەکانی ئەم هێزە دژە کوردە بێت و بۆ هەمیشە تەنیا ناوی لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا بمێنێتەوە.

# له یادی ٥٠ ساڵەی لەدایک بوونیدا

■ بەهار حسێنی

ژیلا حسێنی ٣١ی خەرمانانی ساڵی١٣٤٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٦٤ی زایینی، لە شاری سەقز و لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەدەب دۆستدا لە دایك بوو، لەو سەردەمەدا شێخ مێهرانی حسێنی باوکی ژیلا مامۆستای یەکێك لە گوندەکانی سەر بە شاری سەقز بە ناوی "حانەمیران" بووە، پاش شەش ساڵ بە هۆی وەرگیرانی باوکی لە بەشی یاسای زانکۆی تاران، دەڕۆنە تاران و پێنج ساڵیش لەوێ نیشتەجێ دەبن، پاش ئەوەش بە هۆی کاری باوکیەوە هەرچەند ساڵێك لە شارێکی کوردستاندا نیشتەجێ دەبن. ژیلا خۆی دەڵێ: "بە هۆی کاری باوکمەوە هەر دوو سێ ساڵ لە شارێك دەژیاین، ئەم گەشتە بە ناو کوردستاندا، لە بانەوە دەستی پێکرد، لەوێوە بۆ کامیاران و دواتر مەریوان و سەقز وسنە". ژیلا لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە گەڵ خزمیکی خۆی بە ناوی وەفا حسێنی ژیانی هاوسەری پێك دێنی بەڵام ئەو هاوژینییە درێژەی نابێت و دوای پێنج ساڵ لەیەك جودا دەبنەوە، کە بەرهەمی ئەو هاوژینییە (بەهاری کچی) دەبێت. ژیلا زیاتر لە دوای ئەو بەسەرهاتە روو لە نووسین دەکات و دووری لە کچەکەی بەرەو یەکەم ئەزموونەکانی نووسین هانی دەدات، ژیلا خۆی لەم بارەوە دەڵێت: "دوای جیا بوونەوە لە باوکی بەهار درگای کشوەرێکی تازە لە خەم و دڵتەنگی بەرەورووم کرایەوە بەتایبەت جودایی لە بەهاری ژیانم. دوای یەك ساڵ دووری بەهاریان پێدام، منیش درێژەم بە خوێندن دا و دیپلۆمم وەرگرت وماوەیەك لە ڕادیۆ سنە کارم کرد و بەرپەرس و وەڵام دەرەوەی بەرنامەی "ئێمە وگوێگرەکان" بووم، ئەو ماوەیە هەلێکی باشی بۆ ڕەخساندم کە پتر فێری خوێندن و نو و سینی کوردی بم". ژیلا بە هۆی کارەکەیەوە زۆربەی شاعێرانی بەناوبانگی کوردی کە پێشتر لە ڕێی کتێبخانەکەی باوکیەوە ناسیبوویانی وەك ( مامۆستا هەردی، مامۆستا حقیقی و ئاوات ،...) لە نزیکەوە بینی و لەگەڵیاندا وتوووێژی کرد و هەر ئەو دیدارانە بوو بە بناغەیەکی تر بۆ پتر کارکردن لە دونیای ئەدەبیاتی کوردیدا، ژیلا یەکەم ئەزمونەکانی نووسینی بە فارسی بوو و دەفتەرێکی شێعری فارسی ئەو سەردەمەی لێ بەجێ ماوە بە ناوی "باران" کە لە بەشی کۆتایی کتێبی "قەڵای ڕازدا" چاپ کراون. ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گەڵ کوڕێك لە بنەماڵەی نەوسوودی بە ناوی "شاهرۆخ" ژیانی هاوسەری پێك هێناوەتەوە و بووە بە دایکی دوو منداڵی دیکە بە ناوی "ژینا" و "رامین". ژیلا لە سەرەتای ئۆگرییەوە بە ئەدەبیات پەیوەندی لەگەڵ کوڕە ئەدەبیەکاندا هەبوو و ماوەی پێنج ساڵ ئەندامی ئەنجومەنی مەولەوی کوردی سنە بوو. شێعرەکانی ژیلا لە گۆڤارە ئەدەبیەکاندا چاپ دەکرا و لەوانە گۆڤاری سروە و مامۆستای کورد و کتێبی یادی هەلەبجە بوو، بەشداری کردنی ژیلا لە کوڕە ئەدەبیەکاندا بووە هۆی ڕچەشکێنی بۆ زۆربەی ژنانی کوردی ئەو سەردەمە، ژیلا لە سەردەمێکدا بە کوردی نووسی و لە ماڵی خۆیدا هەوڵی فێر کردنی زمانی کوردی بۆ ژنانی هاوڕێی خۆیدا کە زۆر بەدەگمەن ژنانی هاوتەمەنی ئەو خۆیان لەم بوارە دەدا و بووە هاندەر بۆ زۆربەی ژنانی ئەوکات و پاش خۆیشی. ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی، یەکەم دیوانە شیعری کوردی خۆی بە ناوی "گەشەی ئەوین" پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد. ئەو بەرهەمانەی لە ژیلا بەجێماون چ وتار، چ وەرگێڕان و چ چیرۆك و شیعر بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە و زمانێکی پوخت و پاراویان هەیە. زمانێکی سادە و خاکی و دەربڕینێکی قووڵ. گرنگترین خاڵی بەرهەمەکانی ژیلا ئەوە بوو کە دەیویست هەڵوێستێکی ژنانە لە ئاست هەڵومەرج و بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئەویندارپدا بگرێت و بە زمانێکی ئەدەبی ژنانە بنووسێت و ڕوانگەکانی خۆی بە خوێنەری بگەیێنێت. لە دونیای ئەدەبیاتدا زۆر جیددی و ئامانجدار تێکۆشی و هەتا کۆتایی ژیانە کورتەکەی خۆی وازی لە تێکۆشان بۆ بەهرەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی نەهێنا. ژیلا لەساڵی ١٣٧٥ ی هەتاویدا لە کاتێکدا کە بۆ بینینی شێرکۆ بێکەس شاعێری بەناوبانگی کورد دەچوو بۆ تاران، لە ڕێگادا بە هۆی ڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەیان ڕۆحی خۆی بۆ هەمیشە ئاوێتەی ڕۆحی شیعر کرد و لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا لەگەڵ کۆرپە نۆ مانگەکەیدا بە ناوی ژینا کۆچی دوایی کرد. پاش دووساڵ لە کۆچە ناوادەکەی، کتێبێکی دیکەی بە ناوی "قەڵای ڕاز" کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك شیعر و چیرۆك بە زمانی کوردی و دەفتەرە شیعرێك بە ناوی "باران" بە زمانی فارسی، بە هاوکاریی ناهیدی خوشکی و کاك فاروق بۆرەکەیی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرا. حەکیم مەلا ساڵح دەنووسیت: "ڕۆژی هەینی ١٣٧٥/٧/٦ کە خۆزگە ساڵ وەجاخی بەم ڕۆژە کوێربوایە، سانسۆری مەرگ چاوی زیتی لەسەر ڕۆژژمێری ژیانی خوشکە ژیلا گیرکرد و ڕێگای چاپ کردنی تەمەنی لێگرت". پاش کۆچی ژیلا زۆر لە شاعیران ونووسەرانی کورد وەك شێرکۆ بێکەس، مەهاباد قەرەداغی، جەلال مەلەکشا، رەئوف بێگەرد، نەجیبە ئەحمەد، مارف ئاغایی، مامۆستا ئەژی گۆران وموحسین خالیدی و... هتد، خەمی خۆیان بە هۆنراوە بۆ نەمانی ژیلا دەربڕی، ژیلا دووکتێب بە ناوی قەڵای راز و گەشەی ئەوینی چاپ کراوە ودیوانە شیعرێکی مندالانێشی بە ناوی"چەتر" لێ چاپ بووە و چەندین وتار و وەرگێڕانی وەك نووسینی وتارێك سەبارەت بە سوارەی ئیلخانی زادە و وەرگێڕانی چیرۆکی "داوای لێبووردن"ی سادق هدایەتی لە گۆڤاری سروە و دیکەی گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. وەرگێڕانی ڕۆمانی دزیرە دوا کاری ژیلا بوو کە بەداخەوە مەرگ مەودای تەواوکردنی پێنەدا و ناهید حسێنی خوشکی ئەرکی تەواو کردن و پێداچوونەوەی وە ئەستۆ گرتووە.




## تاوێژه



● سیمین چایچی

"سیمین چایچی" دانیشتووی شاری سنە، شاعێر و چالاکی کۆمەڵایەتی، زیاتر لە ٤٠ ساڵە چالاکیی ئەدەبی و هونەری هەیە و خۆی لە نووسینێکیدا دەڵێت: " باشترین بەرهەمی من ژیانمە".

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران مامۆستای منداڵانی کەڕ و لاڵ بووە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٩ بە هۆی کێشەی سیاسی و بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان و ئێران بۆ ماوەی ٤ ساڵ تووشی زیندان و دوورخستنەوە بووە لە کوردستان و بۆ ماوەیەك لە زیندانەکانی "ئێڤین و قەسر"ی تاران دەسبەسەر بووە کە لەو کاتەدا خاوەنی دوو منداڵی ورد بووە بە ناوەکانی " ستارە و بەهارە" و هاوکات هەموو دامەزران و ئیش و کارێکی دەوڵەتیی لێ قەدەغە دەکرێ کە ئەو بڕیارە هەنووکەیش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە.

سیمین چایچی ئەندامی فەخریی ڕێکخراوی" چیلدرێن فێرست" ە و ماوەیەکیش سەرۆکی کومیتەی ژنانی " پێن"ی کورد بووە و هەروەها بەرپرسی ڕێکخراوی خەڵکیی " پێشگیری لە ئێعتیاد"ە.

چایچی ماوەی ١٥ ساڵە بە شێوەیەکی جیددی چالاکی بواری منداڵانە و بە نووسینی شێعر و تیاتر، خزمەتێکی زۆری لەم بوارەدا کردووە. بەشێك لە بەرهەمەکانی بریتین لە: نووسین و پێشکەش کردنی یەکەم تیاتری مووزیکاڵی کوردی ( خاڵ خاڵۆکە و شای مشکان) لە ساڵی ٢٠٠٠ کە ئەم تیاترە مووزیکاڵە لە شارەکانی سنە، بۆکان، بانە، لەندەن و سەقز بە دەرهێنەریی کەسانێکی جیاواز پێشکەش کراون و لە سێهەمین میهرەجانی تیاتری کوردی سەقز بە وەرگرتنی ٩ خەڵات پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

دەقی شانۆیی ( تیتیل و بیبیل)، دەقی (جووجەڵە زەردە)، دەقی (نۆکێ)، شانۆی شاری ئاشتی و چەندین زنجیرەی بووکەڵەگێڕی وەکوو: پەپوولە پاییزە، پەلکە زێڕینە، خرتۆڵ و سەرچۆڵی هەیە و ئێستایش بڕیارە بە پێشکەش کردنی ٢ پرۆژەی ئەنیمێیشێن لەگەڵ " زارۆ تی وی" هاوکاری بکات.

سیمین لە ماوەی تەمەنی هونەریی خۆیدا وەك ژنە شاعێرێکی نوێخواز، لە بواری چالاکیی سەرەکی خۆیدا واتە نووسینی شێعر، بەردەوام بەرهەمەکانی لە گۆڤار و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردۆتەوە و لە بواری شێعری گۆرانیشدا سەرکەوتوویەکی بەرچاوی هەبووە و زیاتر لە ١٥٠ تێکستی شیعریی تایبەت بە گۆرانی لە لایەن ٤٥ گۆرانیبێژەوە کراونەتە گۆرانی. ئەو کتێبانەی کە لە سیمین چایچی بڵاو کراونەتەوە بریتین لە:

باران (کۆمەڵە شێعری کوردی ـ فارسی)، جووجەڵە زەردە (چیرۆکە شێعر)، تیتیل و بیبیل (چیرۆکە شێعر) و ... و چەندین بەرهەمی دیکەی ئامادەی بڵاوکردنەوەن.



# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 636* ▪ *23 Sep 2014*



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr





edit:asso mamzade